ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی: هانی حکوومەتی عێراق دەدەین، ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5779) دووشەممە 1ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رایگەیاند، هانی حکوومەتی عێراق دەدات، ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکات بە تایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە سەرژمێری دانیشتوان. ڕۆژی شەممە شاندێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجوومەنی ئاسایش و باڵێۆزی کوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەنسور عتێبی سەردانی عێراقی کرد و لە میاند بە جیا لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێجیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی و سەرکۆمار بەرهەم ئەحمەد سالح و کۆبوونەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پارتی بە مەرج بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەکات

ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی ئاماژە بەوە دەکات، پارتی مەرجی هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکات، یەکەم مەرجیشی لادانی هێزی عەسکەریە لەو شارە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

چاوەڕێی فراکسیۆنی یەکێتی دەکرێت بۆ پێشکەشکردنی کاندیدەکانی خۆیان

تا 12ی ئەم مانگە کابینەی نوێی حکوومەت متمانە وەردەگرێت



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو، ڕایگەیاند: یەکێتی بەشداریی کابینەی نێودەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و چاوەڕوانی کاندیدەکانی ئەوانین بۆ حکوومەت، پارتی و لایەنەکانی دیکە کاندیدیان ئامادەیە. ئومێد خۆشناو گوتیشی: کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەبوو پشووی وەرزی یاسادانان کورت بکرێتەوە کە لە بەرواری یەکی مانگی تەموز دەستپێدەکات تاوەکو یەکی مانگی ئەیلوول. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە

ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی لە سلێمانی کۆدەبنەوە و سەرچاوەیەکی ئاگادارییش دەڵێ، هەردوولا گۆڕانکاریان لە لیژنە و شاندی دانوستانکاردا کردووە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژنامەی خەبات لە سەرچاوەیەکی ئاگادار زانیویەتی، ئەمڕۆ دووشەممە کاتژمێر 11ی سەرلەبەیانی، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە شاری سلێمانی کۆدەبنەوە.

بەپێی سەرچاوەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گۆڕانکارییان لە شاندی دانوستانکاری خۆیان کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکی لیژنە و هەریەک لە دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی و فرسەت سۆفی و ئومێد سەباح- ی بە ئەندامانی لیژنەی دانوستانکار دەستنیشان کردوون. لای خۆیەوە، یەکێتی نیشتمانی حاکم قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکی لیژنەی دانوستانکار داناوە.

گۆڕان: گرنگە کوردێکی نیشتمانپەروەر ببێتە پارێزگاری کەرکووک

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، گرنگە کوردێکی بەهێز و دڵسۆز و نیشتمانپەروەری بێتلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆک بن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

ناردنی مووچە بەردەوام دەبێت



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی ڕایگەیاند: هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کۆبوونەوە و بڕیاردرا لیژنەیەک پێکبێنێت بۆ بابەتەکانی مووچە و نەوت چونکە بەداخەوە هەندێک پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا لێدوانی وا دەدەن کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان". **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دادگای ڕەسافە بڕیاری ئەستۆپاکیی ڕێبوار تاڵەبانی دەرکرد

دادگای ڕەسافە لە بەغدا سەرجەمی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن ڕاکان جبووری پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک و چەند کەسێکی دیکەی ئەو شارە، ئاڕاستەی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کرابوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هاوکاریکردنی ئاوارەکان بەردەوامن



پاش ئاوارەبوونی دەیان هەزار خێزان لە شار و شارۆچکەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەساڵی 2014و ساڵانی دواتر، لەسنووری پارێزگای هەولێر 10 کەمپی نیشتەجێکردن بەهاوکاری کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران و ناوەندی هەماهەنگی قەیرانەکانی هەولێر دروستکران و ئەرکی ئیداری و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی کەمپەکان بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی سپێردرا، لەو ساڵەوە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی بەردەوام هاوکاری جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

CNN: دۆنالد ترەمپ 20 هەنگاو چووە ناو خاکی کۆریای باکوور و تەوقەی لەگەڵ کیم جۆنگ ئون کرد



دوای دیدارەکەی لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بۆ ڕۆژنامەوانان دوا و ڕایگەیاند کە دیدارێکی زۆر باشیان ئەنجامداوە. دۆنالد ترەمپ گوتی: لە کاتێکی گونجاودا، لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون سەردانی وڵاتی یەکتر دەکەین و هەر بۆ ئەو مەبەستەش داوام لێی کرد سەردانی کۆشکی سپی بکات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

وەزارەتی کارەبا دەربارەی چۆنیەتی پێدانی کارەبای نیشتیمانی ڕوونکردنەوەی هەیە



وەزارەتی کارەبای هەرێم هەمیشە لەخەمی زیادکردنی کارەبای نیشتیمانییە بۆ هاوواڵاتیان و هەموو کاتێکیش ئاگاداری هاوواڵاتیانی کردۆتەوە کە دەست بەکارەباوە بگرن و کارەبا زیاد لە پێویست بەکار نەهێنن بۆ ئەوەی بتوانن کارەبای زیاتر بە هاوواڵاتیان بدەن، ئەگەرچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکات. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

لە کۆی 6 باڵیۆزی کورد 3یان بەر پارتی دەکەون

لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەوان میکانیزمی دابەشکردنی باڵیۆزەکانیان لە وڵاتان دارشتووە، ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێت، لە کۆی 6 باڵیۆزی کورد، 3یان بەر پارتی دەکەون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی عەبدولغەنی عەلی یەحیا دەکات

رۆژی یەک شەممە 2019/6/30 مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا کردو تیایدا هاتووە "کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو بۆ بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی زیانێکە، بەڵام کارە ڕۆژنامەنووسیەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەمیشە یادی خوالێخۆشبوو بە زیندوویی دەهێڵنەوە". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیامان پێگەیشت، هاوبەشی خەمتانین، بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و کەسوکار و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێ. کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو بۆ بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی زیانێکە، بەڵام کارە ڕۆژنامەنووسیەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەمیشە یادی خوالێخۆشبوو بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

انا لله و انا الیه راجعون

براتان/مەسرور بارزانی

2019/6/29

خەسرەو گۆران: لە کابینەی نوێدا هەنگاوی کرداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا دەنرێت

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، هەنگاوەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا گرفتەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن. خەسرەو گۆران ڕایگەیاندووە: لە نوێترین کاردانەوەدا نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان پشتیوانییان بۆ هەنگاوەکانی هەولێر و بەغدا دەربڕیوە و بەشدار دەبن لە گفتوگۆکان و چاودێرانێن کابینەی عادل عەبدولمەهدی هەنگاوی ئیجابیبیانە بنێت بۆ چارەسەری گرفتەکانی هەولێر و بەغدا، بەڵام پرۆسەکە بەبێ گرفت نابێت، چونکە هەموو شتێک بەدەست عادل عەبدولمەهدی نییە و لایەنی سیاسیی بەهێز هەیە لەبەغدا کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم چارەسەریی گرفتەکاندا. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی بۆ باسنیوز گوتیشی: هەولێر هەنگاو بەرەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا دەنێت و نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەزموونی باشی لە دیپلۆماسی و سیاسیدا هەیە و سەرۆک بارزانی و مەسرور بارزانیش ڕۆڵی بەهێزیان لە چوارچێوەی چارەسەریی گرفتەکاندا هەیە و حکوومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی هەنگاوی نوێ و کرداری دەنێت بۆ ئەوەی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە پشتیوانیی ئەو هەنگاوانەی دەکرێت".

سەرۆک بارزانی بەردەوام پشتگیری لێکردووە و لە خەمی کەیسەکەیدا بووە

دادگای ڕەسافە بڕیاری ئەستۆپاکیی ڕێبوار تاڵەبانی دەرکرد



دادگای ڕەسافە لە بەغدا سەرجەمی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن ڕاکان جبووری پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک و چەند کەسێکی دیکەی ئەو شارە، ئاڕاستەی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کرابوو.

دوێنێ یەکشەممە 30ی6ی2019 بەختیار تاڵەبانی، چاودێری سیاسی و بڕای ڕێبوار تاڵەبانی لە نووسینێکیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕایگەیاند: دادگای ڕەسافە لە بەغدا بڕیاری بەرائەت و ئەستۆپاکی ڕێبوار تاڵەبانی لە هەموو ئەو تۆمەتانەی کە ڕاکان جبووری و کاکە ڕەش سدیق و گرووپەکەی لە کەرکووک بۆیان دروست کردبوو، ڕاگەیاند و بە تەواوەتی دۆسێکەشیان داخست و دەتوانێت کاروبارەکانی خۆی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە فەرمی ڕابیی بکات، هەروەها بەختیار تاڵەبانی گوتوشیەتی کە ڕێبوار تاڵەبانی دەتوانێت داوای قەربووی ماددی و مەعنەویش بکاتەوە.

تاڵەبانی ڕاشیگەیاندووە: سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی کە وەک مەرجەعێکی کوردان بەردەوام پشتگیری کردووە و لە خەمی کەیسەکەیدا بووە، هەروەها سوپاسی ئەو تیمەش دەکەین کە جەنابیان بۆ ئەو مەبەستە ڕایسپارد بوون.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک پالێشتیکارێکی سەرسەختی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بەتایبەتی لە پرسی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە کەرکووک.

بزووتنەوەی گۆڕان:

گرنگە کوردێکی نیشتمانپەروەر و بێلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک

کەیسی کەرکووک کەیسی هەموو کورد نەک تەنیا لایەنێک

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، گرنگە کوردێکی بەهێز و دڵسۆز و نیشتمانپەروەری بێلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆک بن. خەلیل سەرکانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان ڕایگەیاند: « نەدەبوو کەیسی کەرکووک تێکەڵ بە بابەتی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵکوو کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم دروست بکرایە، دواتر شاندێکی دانوستانکاری کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا لەسەر دۆسیەی نەوت، ناوچە کێشەلەسەرەکان، پێشمەرگە وئەو بابەتانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، پێکبهێنرایە». سەرکانی جەخت دەکاتەوە کە «کەیسی کەرکووک تاپۆ نییە لەسەر حزبێکی سیاسی، واتە کەیسی کەرکووک هی یەکێتی نییە، بەڵکو کەیسی میللەتێکە، لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەرچی جوولانەوەی سیاسی و هەستی ناسیۆنالیستیی کوردی دروست بووە و شکستی هێناوە، بەهۆی ئەوە بووە کە لەسەر کەرکووک سازشی نەکردووە، بۆیە کەرکووک ناسنامەی گەلێکە نەک تاپۆی حزبێک».

ئەندامەکەی جڤاتی گشتیی گۆڕان ئاشکرای کرد کە «گرنگە کوردێکی بێلایەن، دڵسۆز، نیشتمانپەروەر وبەهێز کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆکبن، ببێتە پارێزگاری کەرکووک، بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر هەموو ئاڵۆزییەکان و گرفت و جیاوازییە دینی و مەزهەبییەکان سەرکەوتووبێت، مەرج نییە ئیلا ئەو کەسە گۆڕان، یەکێتی و پارتی بێت».

پەرلەمانی کوردستان خولی بەهارەی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ درێژکردەوە



پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی 84 پەرلەمانتار، بڕیاری درێژکردنەوەی خولی گرێدانی دانیشتنەکانی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ دا و بەو پێیە ئەو ماوەیەی لە پشووی پەرلەمان کەمکردەوە. دوێنێ یەکشەممە دانیشتنی ژمارە 9ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو کە تیایدا بەرنامەی کار بریتی بوو لە "درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی چوارەم لە مادەی 7 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان".

دانیشتنەکە کە کاتژمێر 11ی دوێنێ یەکشەممە بەڕێوەچوو تیایدا بەپێی خاڵی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشنیازی سەرۆکی پەرلەمان، ڤالا فەرید بۆ درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەنگدان وەرگیرا.

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی (چوارەم) لە مادەی 7ی پەیڕەوی ناوخۆ خرایە دەنگدانەوە و بە 84 دەنگ پێشنیازەکە پەسندکراو بڕیاردرا خولی گرێدانی دانیشتنەکانی بەهارە بۆ ماوەی 15ڕۆژ درێژبکرێتەوە و پاشان کۆتایی بەدانیشتنەکە هێنرا.

جێی باسە درێژکردنەوەی خولی بەهارەی پەرلەمان بۆ ئەوەیە کە تا چەند ڕۆژی دیکە لایەنەکان لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەنە ڕێککەوتن. ئەمە لەکاتێکدایە لە 2019/6/12 مەسرور بارزانی، بە مەرسوومی هەرێمی لە ڕێوڕەسمێکدا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا. بەپێی فەرمانە هەرێمییەکە دەبێت پێکهێنانی کابینەی وەزاری لە ماوەی 30 ڕۆژدا تێپەڕ نەکات، کە دوا وادەی دەکاتە 2019/7/12 لایەنەکانیش بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لە گفتوگۆدان، بۆ ئەوەی پێش ئەو وادەیە بگەنە ڕێککەوتن.

سیروان ڕۆژبەیانی بۆ « خەبات »:

داوای کشانەوەی ئەو هێزە زۆرەی نێو سەنتەری نەینەوامان کردووە



خەبات: کەنعان بەهادین

دوای ئەوەی لە ساڵی 2014 داعش هێرشی کردە سەر موسڵ و بە هۆیەوە پۆستە ئیدارییەکان لەو پارێزگایە چۆڵکران، لایەنی کوردیش لە حاڵی ئێستادا دەیەوێت پۆست و ئیستحقاقەکانی ئەو سنوورە وەربگرێتەوە.

سیروان ڕۆژبەیانی بۆ خەبات، ڕایگەیاند: پشکی کورد لە پارێزگای نەینەوا 33% و ڕاشیگەیاند لە ماوەیەکی نزیکدا هەموو پۆستەکان لەو سنوورە یەکلایی دەکرێنەوە و هەموو ئەو ئیستحقاقانەش کە بۆ کورد دانراون، لەلایەن کوردەوە بەڕێوە دەبرێن، و پارێزگاری لەسەر و مالی هاوولاتیان بکرێت، ئەو هێزە زۆرەش کە لەناو شاردا بوونیان هەیە، بچنە دەرەوە، چونکە کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر ڕەوشی شارەکە، ئەوەشی گوت: داعش لە موسڵ بنبڕ نەبووە و چالاکییان هەیە. دەربارەی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی ناوچەی کبریتی میشراق، سیروان ڕۆژبەیانی بۆ خەبات، ڕایگەیاند: ئەو ئاگرە لە ناوچەی کیبریتی میشراق زوو تەشەنەی کرد و زیانێکی زۆری ماددی و ژینگەیی بە خەڵکی ناوچەکە گەیاند، بۆ ئەمەش بڕیارماندا دوو لیژنە دروست بکەین.

سیروان ڕۆژبەیانی جێگری پارێزگاری مووسڵ گوتیشی: سوپاس و پێزانینمان پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکە یارمەتیان داوین و تیمی ئاگرکوژێنەوە لە هەولێر و دهۆک بۆ ئەو حاڵەتە نێردران.

چاوەڕێی فراکسیۆنی یەکێتین کاندیدانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە

ئومێد خۆشناو: تا 12ی مانگی حەوت کابینەی حکوومەت متمانە وەردەگرێت

پارتی لەسەر میکانیزمی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ئامادەیە گفتوگۆ بکات

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو، ڕایگەیاند: یەکێتی بەشداریی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و چاوەڕوانی کاندیدەکانی ئەوانین بۆ حکوومەت، پارتی و لایەنەکانی دیکە کاندیدیان ئامادەیە. ئومێد خۆشناو گوتیشی: کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەبوو پشووی وەرزی یاسادانانیش ڕوونیکردەوە، بێگومان ئەو کورتکردنەوەیە بۆ ئەوەی ئەو ئامادەکارییانەی کراون، کە ئێستا سەرۆکوەزیران ڕاسپێردراو ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمان بکات، گفتوگۆکان لەگەڵ لایەنەکان کراوە و چاوەڕوانی یەکلاییبوونەوەی کاندیدی لایەنەکان دەکات، بۆیە ئەو ماوەیە بۆ ئەوەیە تا بتوانێت کاندیدانی کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

ئومێد خۆشناو لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو دوو هەفتەیە بەسە بۆ ئەوەی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی کابینەکەی ڕابگەیەنێت، گوتی: ڕێککەوتنەکان کراوە، چاوەڕوانی یەکلاییبوونەوەی کاندیدی لایەنەکان دەکات، بۆیە ئەو ماوەیە بۆ ئەوەیە تا بتوانێت کاندیدانی کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمان بکات، گفتوگۆکان لەگەڵ لایەنەکان کراوە و ئەو ماوەیە یاساییە تەواو نابێت و کابینەکە متمانە وەردەگرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە کاندیدانی لایەنەکان بۆ کابینەی نۆیەم و کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامادەکارییانەی کردووە لە بەدڵنیاییەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە هەموو ئامادەکارییەکان و ڕێککەوتنەکان کراوە، لایەنەکانی بەشداربوو لە حکوومەت و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دیارن، تەنها ماوە کاندیدەکان یەکلایی بکرێنەوە، پێمانوایە کەمتر لەو دوو هەفتەیە پێویستە بۆ ڕاگەیاندنی کابینەکە، خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە تا 12ی مانگی حەوت ماوەی یاساییە بۆ ئەوەی ئەو مانگەی سەرۆکی حکوومەتی ڕاسپێردراو کەمتر لەوە ئەو ماوەیە یاساییە تەواو نابێت و کابینەکە متمانە وەردەگرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە کاندیدانی لایەنەکان بۆ کابینەی نۆیەم و کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامادەکارییانەی کردووە لە ئۆرگانە فەرمییەکانی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی کاندیدانی و کاندیدەکانی خۆی بۆ کابینەکە ئامادەیە و تەنها ئەوە ماوە ناوەکان ڕابگەیەنرێت، لایەنەکانی دیکەش کە ڕێککەوتنمان لەگەڵدا هەن ڕایانگەیاندووە کە کاندیدەکانیان ئامادەن بۆ ئەوەی پێشکەشییان بکەن، ئەوەی تا ئێستا ماوە فراکسیۆنی یەکێتیین و چاوەڕوانی ئەوەین ئەوانیش کاندیدانی خۆیان یەکلایی بکەینەوە.

لەمەڕ ئەگەری بەشداریکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئەوەی ڕاگەیاند کە یەکێتی بەشدار دەبێت و گوتی: تا ئێستا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایانگەیاندووە کە بەشداریی حکوومەت دەکەن و چەندین ڕێککەوتنمان لەگەڵیان هەیە، ئەگەر گفتوگۆ لەسەر بابەتی دیکە مابێت، ئەوە لە ڕۆژانی ئایندە شاندی هەردوولامان کۆبوونەوە و دیداریان دەبێت بۆ ئەوەی ئامادەکاریی تەواو بکرێت بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان هەردوولا هەیە ڕێکبخرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو سەبارەت بەو دەنگۆیانەی دەگوترێت گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دیاریکردنی بەرێتی نییە لەوەی پارێزگارێک هەڵبژێرین، بەڵکو دۆخەکە زۆر نالەبارە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە، پێویستی بە یەکگوتاری هەیە، پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو هەڵانە هەیە کە لە ڕابردوودا کراون و کەرکووکی بە ئەمڕۆ گەیاند. ئومێد خۆشناو لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئەوەی دووپاتکردەوە هیچ گفتوگۆیەک لەسەر هیچ کاندیدێک بۆ پارێزگاری کەرکووک نەکراوە، ئەوەی پارتی لەسەری ڕازی بووە ئەوەیە ئامادەکاری تەواوبکرێت کە هەرێمی کوردستان و دواجار لەگەڵ عێراق و لایەنەکانی دیکە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و لەنێو ئاساییکردنەوەی دۆخی کورد هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووکیش دەبێت کە پشکی کوردە.

پارتی مەرجی خۆی هەیە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک

ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، پارتی مەرجی هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکات، یەکەم مەرجیشی لادانی هێزی عەسکەرییە لەو شارە. فەرهاد کەرکووکی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کەرکووک، دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، ئەگینا لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندا نین لەو کاتەی کە باس دەکرێت، بەڵام «ئەگەر دۆخەکە ئاسایی کرایەوە، ئاوارەکان گەڕانەوە و خەڵکی هێنراو گەڕێنرانەوە، هێز لەشارەکە برایە دەرەوە، ئەوکات با هەڵبژاردن بکرێت». دووپاتیشی کردەوە کە بە لای پارتییەوە گرنگە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئەمەش هەنگاوی کرداری دەوێت، بەتایبەتیش کە هێزی چەکدار و سەربازییەکان لە کەرکووک بچنە دەرەوە و ئەنجومەنی پارێزگا بگەڕێتەوە و پارتی بۆ نێو بارەگاکانی خۆی بگەڕێتەوە، بەم شێوەیەش دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

هانی حکوومەتی عێراق دەدەین، ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکات

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، هانی حکوومەتی عێراق دەدات، ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکات بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە سەرژمێری دانیشتوان. ڕۆژی شەمە شاندێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجومەنی ئاسایش و بالێوزی کوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەنسور عتێبی سەردانی عێراقی کرد و لە میاند بە جیا لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی و سەرکۆمار بەرهەم ئەحمەد سالح و کۆبوونەوە. دواتر شاندەکە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی سازکرد و ڕایگەیاند، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پالپشتی لەو تیمە نێودەوڵەتییە دەکات کە لە تاوانەکانی داعش لە عێراق دەکۆڵێتەوە.

شاندەکە جەختیشیکردەوە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پالپشتی لە ئاوەدانکردنەوە و بیناتانەوەی ئەو ناوچە کۆنترۆڵکراوانە دەکات کە پێشتر بە هۆی شەڕەکانی دژبە داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە و بە پێویستیان زانی کە عێراق ڕۆڵی کاریگەر و ئەرێنی لە ناوچەکە و جیهان بگێڕێت.

سەبارەت بە ماددەی 140ی دەستووریش، شاندی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، ئەو پرسەی بەجیا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق تاوتوێکردووە و گوتی: هانی حکوومەتی عێراقی دەدەین کە ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکات بە تایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە سەرژمێری دانیشتوان. ماددەی 140ی دەستووری عێراق نەخشەڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشانەی کە ماوەی چەندین ساڵە لە نێوان بەغدا و هەرێمی کورستاندا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە بەتایبەتیش ناوچە جێناکۆکەکان لەسەرووبانەوە کەرکووک. جێی باسە بڕیاربوو تا کۆتایی ساڵی 2007 بە چەند قۆناغێک ماددەی 140 جێبەجێ بکرابایە، بەڵام حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە بیانووی جۆراوجۆر خۆیان لە جێبەجێ ماددەکە دزییەوەو بەعەس ئاسا دڕێژەیان بە تەعریب دا.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

ناردنی مووچە بەردەوام دەبێت

ئەوەی ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت بەشێکی مووچەیە نەوەک بوودجە



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی ڕایگەیاند کە لێژنەیەک لە نێوان هەولێر و بەغدا پێکهاتووە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک بە مەبەستی تەواوکەری مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە ئێستا حکوومەتی عێراق بەشێکی ڕەوانە کوردستان کردووە.

سەفین دزەیی لە لێدوانێکدا گوتی: هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کۆبوونەوەو و بڕیاردرا لێژنەیەک پێکبێت بۆ بابەتەکانی مووچە و نەوت چونکە بەداخەوە هەندێک پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا لێدوانی وا دەدەن کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان".

سەفین دزەیی لەبارەی ڕاست و دروستی بابەتی ناردنی مووچە بۆ هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام، گوتی: ئەوەی لە زاری عادل عەبدولمەهدی و وەزیری دارایی بیستوومانە، ئەوەی ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت بەشێکی مووچەیە نەوەک بوودجە، چونکە ئێمە مانگانە 880 ملیار دینار دەدەین بە مووچە، ئەوەی ئێستا لە بەغدا دەنێردرێت بڕی 450 ملیار دینارە، لەبەر ئەوە 430 ملیارەکەی دیکە هەرێمی کوردستان لە فرۆشی نەوت دەبێت دابینی بکات و بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە ناردنی مووچە بەردەوام دەبێت.

سەفین دزەیی گوتیشی: سەبارەت بەو 250 هەزار بەرمیلەی کە دەبێت ڕادەستی بەغدا بکرێت، لەڕووی مەبدەئییەوە کێشەمان لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵام دەبێت میکانیزمێک هەبێت بۆ تەواوکردنی ئەو 430 ملیار دیناڕە کە کێ تەواوی دەکات، چونکە ئەگەر ئەو نەوتە بدەین بە بەغدا مانای وایە ناتوانین نەوت بفرۆشین و ئەو 430 ملیار دیناڕەمان دێتە دەست و تەکمیلەی مووچەی پێ دەکەین، بۆیە لێژنەیەک لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ دۆزینەوەی ئەو میکانیزمە پێکهاتووە.

بەیار تاهیر دۆسکی:

لە کۆی 6 باڵیۆزی کورد 3یان بەر پارتی دەکەون

لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەوان میکانیزمی دابەشکردنی باڵیۆزەکانیان لە وڵاتان داڕشتووە، ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێت، لە کۆی 6 باڵیۆزی کورد، 3یان بەر پارتی دەکەون.

لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، لە دابەشکردنی باڵیۆزەکاندا لە وڵاتان، هەر 10 کورسی، 1 باڵیۆزی بەردەکەوێت. لەو بارەیەوە، بەیار تاهیر دۆسکی، ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕایگەیاندووە، 70 باڵیۆزی تری عێراق بۆ وڵاتان دەستنیشان دەکرێن، کە 35یان لە لایەن وەزارەتی دەرەوە و هەروەها 35ی تریشیان لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دیاری دەکرێن. دۆسکی دەشڵێ، ئەو 35 کەسەی لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دادەنرێن، بە پێی ڕێژەی کورسییەکانە، کە هەر لایەنێک بە قەد قەبارەی کورسییەکانی باڵیۆز وەردەگرێت. بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، 6 باڵیۆز پشکی لایەنە کوردییەکانە، کە لەوانەش 3 بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەون، چونکە ڕێژەی کوردسییەکان دوو پۆینت شەشە بە پێی هاوکێشەی دابەشکردنی باڵیۆزەکان، بۆیە کورسییەکانی فراکسیۆنەکان، دابەشی کورسییەکانی ئەنجوومەن دەکرێن، کە ئەویش 329 کورسین لە ئەنجوومەنی نوێنەران.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان دەکات

دوێنێ یەکشەممە 30ی حوزەیرانی 2019هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە ستیڤ فەیگن، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و سلیڤا ئیریس، بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووریی کونسوڵخانەکە.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و پوختەیەکی سەبارەت بە ڕێکار و هەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستانی لەپڕۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست کە پەلە بکرێت لەپێکهێنانی حکومەت بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەلپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەت فیدرالیی عێراق، ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانی بەمەبەستی ڕاکێشانی کۆمپانیاکانی وڵاتەکە بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی وەبەرهێنان.

هەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بە بەردەوامبوون لە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالیی عێراق خستەڕوو و جەختی لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئێدارەی هەرێم بەهاوبەشی لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق کردەوە بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بەبێ جیاوازی.

لای خۆیەوە، ستیڤ فەیگن، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەردوو حکومەتی فیدرالی و هەرێم بوو بۆ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان.

بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی ڕاشیگەیاند کە ئێمە جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی دەستووری دەکەینەوە و بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەمەش باشترین بژاردەیە و پێویستە حکوومەتی ناوەند و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لەم بۆچوونە بکەن، ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق هاوڕایە لەوەی کە دەبێت دەستوور بناغەی چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان بێت.

ئەمەش یەکەم جارە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بەم شێوەیە



بەرپرسی یۆنامی لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی دەکات

هوشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز ڕیکاردۆ ڕۆدرگیز بەرپرسی نووسینگەی نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان کرد.

سیوەیلی دوایین پێشهاتەکانی بۆ شاندی میوان خستەڕوو، بە تایبەتی دیداری بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شاندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەگرتووەکان کە بەسەردانێک هاتبوونە عێراق و ئامانج لەو سەردانە لە نزیکەوە ئاگاداربوون و زانینی هەڵوێست و بۆچوونی هەردوو حکومەتی فیدرالی و هەرێم بوو بۆ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان.

بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی ڕاشیگەیاند کە ئێمە جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی دەستووری دەکەینەوە و بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەمەش باشترین بژاردەیە و پێویستە حکوومەتی ناوەند و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لەم بۆچوونە بکەن، ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق هاوڕایە لەوەی کە دەبێت دەستوور بناغەی چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان بێت.

ئەمەش یەکەم جارە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بەم شێوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدات بۆ ئەمەش ئێمە هەموو پشتیوانیەکی دەکەین.

لای خۆیەوە بەڕێز ڕیکاردۆ ڕۆدرگیز سوپاسی ئەو دەرفەتەی کرد و خۆشحاڵی خۆیانی دەربڕی بە پێشکەوتنی پێشهاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشەوەچونی پەیوەندیەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدرالی.

بەڕێزیان ئامادەیی خۆیانی دەربڕی بۆ هەموو هاوکارییەک کە لە چوارچێوەی ئەو کارانەدا بێت کە پێیان سپێردراوەو ڕێگە پێدراوە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هاوکاریکردنی ئاوارەکان بەردەوامن

لە شەش مانگی رابردوودا 430762 ئاوارە هاوکاری جۆراوجۆر کراون



ڕاپۆرت: پاش ئاوارەبوونی دەیان هەزار خێزان لە شار و شارۆچکەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەساڵی 2014و ساڵانی دواتر، لەسنووری پارێزگای هەولێر 10 کەمپی نیشتەجێکردن بەهاوکاری کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران و ناوەندی هەماهەنگی قەیرانەکانی هەولێر دروستکران و ئەرکی ئیداری و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی کەمپەکان بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی سپێردرا، لەو ساڵەوە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی بەردەوام هاوکاری جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرێت. بەپێی دواینێ ئاماری دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە شەش مانگی سەرەتای 2019 وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق 107چالاکی لەسێکتەرەکانی "خۆراکی، ناخۆراکی، پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ" بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە 6کەمپی ئاوارەکان ئەنجامداوەو تیایدا 85349 خێزان کە دەکاتە 430762 کەس لەوەرگرتنی هاوکارییەکان کە خۆی لەچەندین سێکتەردا دەبینێوە سوودمەندبوون.

چالاکییەکانی کەمپی بەحرکە

لەم کەمپەدا 936 خێزانی ئاوارەی عێراقی تێدا نیشتەجێکراوەو بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە بەدەمەوەچوون و هاوکارییان پێشکەش دەکرێت، لەشەش مانگی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، توانراوە لە سێ سێکتەری جۆراوجۆردا هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانی ئەم کەمپە بکرێت، لەوانە لەسێکتەری خۆراکدا، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 1210 خێزان کە دەکاتە 6059 کەس کراون. بەپێی داتاکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەشەش مانگی سەرەتای 2019 توانراوە 4275 خێزان کە دەکاتە 21359 کەس بەشێوەی چەندبارە هاوکاری بکرێن.

چالاکییەکانی کەمپی دیبەگە

لەم کەمپەدا 1834 خێزانی ئاوارەی عێراقی تێدا نیشتەجێکراوە، لە شەش مانگی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، توانراوە لە سێ سێکتەری جۆراوجۆردا هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانی ئەم کەمپە بکرێت، لەوانە لەسێکتەری خۆراکدا، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیە خۆراکییەکان دەبینێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام 5411 خێزان کە دەکاتە 28424 کەس کراون و زۆر باش کەموکوڕییە خۆراکییەکانیان بۆ پڕکراوتەوە. هەروەها لە سێکتەری ناخۆراکیدا، کە خۆی لە کەلوپەلی ناومانڵ و بەتانی و دۆشەک و قاپ و قاچاخ و جلوبەرگ و نەوت و پارەی کاش. . هتد دەبینێتەوە، توانراوە هاوکاری پێشکەش بە 7043 خێزان کە دەکاتە 37168 کەس سوودمەندبوون. هەروەها لە سێکتەری پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 5375 خێزان کە دەکاتە 28282 کەس کراون. بەپێی داتاکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەشەش مانگی سەرەتای 2019 توانراوە 17829 خێزان کە دەکاتە 93874 کەس بەشێوەی چەندبارە هاوکاری بکرێن.

چالاکییەکانی کەمپی خازر M1

لەم کەمپەدا 1297 خێزانی ئاوارەی عێراقی تێدا نیشتەجێکراوە، لە شەش مانگی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، توانراوە لە سێ سێکتەری جۆراوجۆردا هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانی ئەم کەمپە بکرێت، لەوانە لەسێکتەری خۆراکدا، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیە خۆراکییەکان دەبینێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام 7425 خێزان کە دەکاتە 39325 کەس کراون و زۆر باش کەموکوڕییە خۆراکییەکانیان بۆ پڕکراوتەوە. هەروەها لە سێکتەری ناخۆراکیدا، کە خۆی لە کەلوپەلی ناومانڵ و بەتانی و دۆشەک و قاپ و قاچاخ و جلوبەرگ و نەوت و پارەی کاش و. . . هتد دەبینێتەوە، توانراوە هاوکاری پێشکەش بە 11105 خێزان کە دەکاتە 58800 کەس سوودمەندبوون. هەروەها لە سێکتەری پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 1855 خێزان کە دەکاتە 9241 کەس سوودمەندبوون. هەروەها لە سێکتەری پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 1210 خێزان کە دەکاتە 6059 کەس کراون. بەپێی داتاکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەشەش مانگی سەرەتای 2019 توانراوە 4275 خێزان کە دەکاتە 21359 کەس بەشێوەی چەندبارە هاوکاری بکرێن.

چالاکییەکانی کەمپی حەسەن شام U2

لەم کەمپەدا 965 خێزانی ئاوارەی عێراقی تێدا نیشتەجێکراوە، لەشەش مانگی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، توانراوە لە سێ سێکتەری جۆراوجۆردا هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانی ئەم کەمپە بکرێت، لەوانە لەسێکتەری خۆراکدا، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 4944 خێزان کە دەکاتە 23141 کەس کراون. بەپێی داتاکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەشەش مانگی سەرەتای 2019 توانراوە 16247 خێزان کە دەکاتە 76117 کەس بەشێوەی چەندبارە هاوکاری بکرێن.

چالاکییەکانی کەمپی حەسەن شام U3

لەم کەمپەدا 1263 خێزانی ئاوارەی عێراقی تێدا نیشتەجێکراوە، لە شەش مانگی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، توانراوە لە سێ سێکتەری جۆراوجۆردا هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانی ئەم کەمپە بکرێت، لەوانە لەسێکتەری خۆراکدا، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 6359 خێزان کە دەکاتە 29835 کەس سوودمەندبوون. هەروەها لە سێکتەری پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 4672 خێزان کە دەکاتە 22311 کەس کراون و زۆر باش کەموکوڕییە خۆراکییەکانیان بۆ پڕکراوتەوە. هەروەها لە سێکتەری ناخۆراکیدا، کە خۆی لە کەلوپەلی ناومانڵ و بەتانی و دۆشەک و قاپ و قاچاخ و جلوبەرگ و نەوت و پارەی کاش و. . . هتد دەبینێتەوە، توانراوە هاوکاری پێشکەش بە 5064 خێزان کە دەکاتە 23932 کەس سوودمەندبوون. هەروەها لە سێکتەری پاکوخاوێنی و ئاو و ئاوەڕۆ کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و پارسێلی تەندروستی دەبینێتەوەو تیایدا هاوکاری پێشکەش بە 4792 خێزان کە دەکاتە 22793 کەس کراون. بەپێی داتاکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەشەش مانگی سەرەتای 2019 توانراوە 14528 خێزان کە دەکاتە 69036 کەس بەشێوەی چەندبارە هاوکاری بکرێن.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو کۆنگرە دەبەستێت

ئازاد حەمەد ئەمین: 99٪ مولکایەتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا هی حزبەکانن

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئازاد حەمەدئەمین ڕایگەیاند لە کۆی حەوت هەزار ئەندامی سەندیکا، تەنها دوو هەزاریان ڕۆژنامەنووسن و بە کردەیی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن. ئازاد حەمەد ئەمین، چەند پرسێکی پەیوەست بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و کۆنگرەکەی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەخاتەڕوو و چەندین ئاماریش ڕوون دەکاتەوە.



نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئازاد حەمەدئەمین سەبارەت بە کۆنگرەی داهاتووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ڕاگەیاند: ئێمە لە مانگی یازدەی ساڵی 2018 بڕیارمان داوە کە کۆنگرە ببەسترێت، کۆنگرەی کۆنگرەی ئەندامانی سەندیکایە، واتە ئەوانەی ئەندامی سەندیکان بڕیان هەیە باسی کۆنگرە بکەن، کەی و چۆن دەبەسترێت، هەروەها کۆنگرە پێویستی بە کۆمەڵێک مەسەلە هەیە، دەبێت تەواوببێت، یەکێک لەوانە پرسی دارایی، هەروەها بوونی تەوافوقی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا، بیرمان نەچێت مولکایەتیی 99 لەسەدی میدیا لە کوردستانی عێراق هی حزبەکانن، کەواتە ئەوانەی ئەندامی سەندیکان بۆ ڕاگەیاندنەکانی ئەوانە، بۆیە بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی باش بێت دەبێت بتوانین لە بارودۆخێکی سیاسی باشی هەرێمی کوردستان بێت، وەکو ئەوەی دەبینین هاوکێشەکان لە هەرێم چۆن بەڕێوەدەچن، لەسەر بنیای دامەزراوە و پەرلەمان و حکوومەت، بەدڵنیاییشەوە سەندیکاش دامەزراوەیەکە پێویستی بەو تەوافوق هەیە، بیرمان نەچێت ئێمە دەمانەوێت هەموو حزبەکانیش بەشداری کۆنگرە بن، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر ئۆپۆزسیۆن بوون، حزبی نوێش هەن، هەموو ئەوانە ئەندامی سەندیکان و هەقی خۆیانە لەگەڵ ئەوەدام کە کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەیەکی حەدی بێت و سەرکەوتووبێت و دەست لەسەر هەموو پرسەکان دابنێت و هەروەها لە کۆنگرەدا هەوڵ دەدەین ئەوانە دیاری بکەین کە بە کردەیی ڕۆژنامەنووسن، بەداخەوە خەڵکێکی زۆر بووەتە ئەندامی سەندیکا کە هیچ مەرجێکی ڕۆژنامەنووسی تێدا نییە، ئێمە دەمانەوێت کۆنگرەی سەندیکا، ڕۆژنامەنووسە ڕاستەقینەکانی هەرێمی کوردستان بن ئەوانەی بەکردەیی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن.

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لە کۆنگرەدا هەوڵدەدەین ئەوانە دیاری بکەین کە بە کردەیی ڕۆژنامەنووسن

ئازاد حەمەدئەمین سەبارەت کاتی بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، گوتی: ئێمە لیژنەمان دروستکردووە و لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەن بڕیارمان داوە و خۆمان بۆ کۆنگرە ئامادە دەکەین و کاتێک ڕێوشوێنەکان تەواو دەبن ئەو کاتە وادەی کۆنگرە دیاری دەکەین، من خۆم وەکو شەخسی پێمخۆشە بەیانی کۆنگرە ببەستین، ئێمە دامانناوە کە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو کۆنگرە ببەستین و ئومێد دەکەین بەزووترین کات ڕێوشوێنەکانی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە تەواوبن.

ئازاد حەمەدئەمین لە دڕێژەی قسەکانیدا بە ڕەخنەوە باسی لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام لە سەندیکاکەیان کە بەشێکیان ڕۆژنامەنووس نین کرد و گوتی: ئێستا ئێمە بەڕەسمی حەوت هەزار ئەندامان هەیە، بەڵام ئەگەر لەمن بپرسی، پێت دەڵێم: بەکردەیی دوو هەزار ئەندامی ڕاستەقینەمان هەیە، ئەو کۆنگرەیەی داهاتوو دەبێتە کۆنگرەی ئەو دوو هەزار ئەندامە ڕاستەقینەی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن و لە ڕۆژانی داهاتووشدا ڕێوشوێن دەگرینە بەر بەرامبەر بەو ئەندامانەی نەیانتوانیوە پابەندبن بە سەندیکاوە و ڕۆژنامەنووس نین.

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پلەکانییان لە کاراوە بووەتە بەشدار بەهۆی ئەوەی فەرمانبەری حکوومەت بوون، هەروەها هەن ئیشەکانییان گۆڕیوە، ڕۆژنامەنووس وەک ئەوەی لە دونیادا هەیە سەرچاوەی بژێوی کاری ڕۆژنامەنووسییە، بۆیە چاوەڕوان دەکەین کۆنگرەی

بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان پلەکانییان لە کاراوە بووەتە بەشدار بەهۆی ئەوەی فەرمانبەری حکوومەت بوون

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئازاد حەمەدئەمین سەبارەت بەو پێنج هەزار ئەندامە گوتی: هەموو ئەندامن، بەڵام لە ڕابردوو بەشێکی زۆری داهاتوو ببێتە کۆنگرەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەڕاستی و کردەیی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن.

ئازاد حەمەدئەمین سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی ئامادەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن داخراون و چەندین ڕۆژنامەنووس چوونەتە دەرەوەی وڵات، بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان پلەکانییان لە کاراوە بووەتە بەشدار بەهۆی ئەوەی فەرمانبەری حکوومەت بوون، هەروەها هەن ئیشەکانییان گۆڕیوە، ڕۆژنامەنووس وەک ئەوەی لە دونیادا هەیە سەرچاوەی بژێوی کاری ڕۆژنامەنووسییە، بۆیە چاوەڕوان دەکەین کۆنگرەی

خەڵکێکی زۆر بوونەتە ئەندامی سەندیکا کە هیچ مەرجێکی ڕۆژنامەنووسییان تێدا نییە

لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بێگومان بەپێی یاسای ژمارە35ی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان، ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە 835 تێپەڕی کردووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونێک کە پارسڵ ئەنجامان دا بۆمان دەرکەوت نزیکەی 50 لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەکردەیی دەردەچن، ئیتر بەشێکییان بەهۆی قەیرانی دارایییەوە، ئەوەش دەربڕی بارودۆخی ئابووریی و دەربڕی ئەوەشە خەڵکانێک هەن ڕۆژنامەنووسی بە هیوایەتێک دەبینن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی پیشەیە، بزنسە، تا قازانج نەکات ناتوانێت بەردەوام ببێت لە کاری ڕۆژنامەنووسی. نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبارەی دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنیشەوە ڕوونیکردەوە سەبارەت بە کەنالی ڕاگەیاندن بەپێی سەرژمێریەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان 175 ڕادیۆ و 35 کەنالی ئاسمانی و زیاتر لە 50 کەنالی ناوخۆیی هەیە، هەروەها مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکانیش تاوەکو ئەو ڕۆژەی یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەردەچێت لە لای ئێمە تۆمار دەکرێن و ئەوەش بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان.

سەزایی تەمەللی:

لە هەڵبژاردنەکان هەدەپە باشترین وەڵامی دایەوە

تاکە شتێک G20 بەڵێنی دابێت بۆ جیهان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەنگە



هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، لەوانەیە بەهێزترین بەگژداچوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی 23ی حوزەیران و 31ی ئادار ئێمە هێنابێتمانە ئارا. باشترین وەڵام بۆ تێڕوانینی سیاسەتی جەمسەرگیری و سیاسەتی حوکمدانی فشارکردن و گرژی دروستکردن لەسەر گەلان، زەحمەتکێشان و ژنانی تورکیا، هەدەپە دایەوە کە خەباتی گەلان، زەحمەتکێشان و ژنانی ڕێکخستووە.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە سەبارەت بە هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی تورکیاش گوتی: لەوانەیە بەهێزترین بەگژداچوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی 23ی حوزەیران و 31ی ئادار ئێمە هێنابێتمانە ئارا. باشترین وەڵام بۆ تێڕوانینی سیاسەتی جەمسەرگیری و سیاسەتی حوکمدانی فشارکردن و گرژی دروستکردن لەسەر گەلان، زەحمەتکێشان و ژنانی تورکیا، هەدەپە دایەوە کە لە خەباتی گەلان، زەحمەتکێشان و ژنانی ڕێکخستووە. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی لەبارەی لووتکەی سەرکردەکانی G20ی لە شاری ئۆساکای ژاپۆن دوا و گوتی: جارێکی دیکە لە کۆبوونەوەی G-20 گوێمان لە داماویی سەرمایەداری گرت. تاکە شتێک G20 بەڵێنی دابێت بۆ جیهان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەنگە.

ترەمپ بووە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا پێ بنێتە نێو خاکی کۆریای باکووروەوە

CNN: دۆنالد ترەمپ 20 هەنگاو چووە ناو خاکی کۆریای باکوور و تەوقەی لەگەڵ کیم جۆنگ ئون کرد

کیم جۆنگ ئون: تێپەڕاندنی هێڵی سنوور لە لایەن ترەمپەوە کردەوەیەکی ئازایانەیە



دوای دیدارەکەی لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بۆ ڕۆژنامەوانان دوا و ڕایگەیاند کە دیدارێکی زۆر باشیان ئەنجامداوە. دۆنالد ترەمپ گوتی: لە کاتێکی گونجاودا، لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون سەردانی وڵاتی یەکتر دەکەین و هەر بۆ ئەوە مەبەستەش داوام لێی کرد سەردانی کۆشکی سپی بکات. سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئەتۆمیش سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ گوتی: لە میانی چەند هەفتەی داهاتوودا دانوستانەکانی ئەتۆمی دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام ئامانجامان پەلەکردن نییە. دۆنالد ترەمپ باسی لە کاتی تێپەڕاندنی هێڵی جیاکەرەوەش کرد و گوتی: بە گەیشتنم بۆ هێڵی تێپەڕاندن "هێڵی جیاکەرەوە" لە کیم جۆنگ ئونم پرسی: دەتوانم لە سنوور بپەڕمەوە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: بێ گومان ئەوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە. سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لە قۆناغی داهاتووی دانوستانەکاندا، دۆسیەی سزاکانی سەر کۆریای باکوور لەگەڵ کیم جۆنگ ئون تاوتوێ دەکات و گوتی: لەئێستادا سزاکانی سەر کۆریای باکوور، دڕێژیان دەبێت".

دوێنێ یەکشەممە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون لە ناوچەی لە چەک دامالڕاوی نێوان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور چاوپان بەیەک کەوت. هەردوو سەرکردە لە ناوچەی لە چەک دامالڕاو تەوقەیان لەگەڵ یەکتر کرد و دۆنالد ترەمپ چووە نێو سنووری کۆریای باکوور و بوویە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا کە دەچێتە نێو خاکی کۆریای باکووروەوە.

کیم جۆنگ ئون ئاماژەی بەوەدا کە دۆنالد ترەمپ بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی هەردوو وڵات ئەو سەردانە کورتەی ئەنجامداوە و ڕایگەیاند: تێپەڕاندنی هێڵی سنوور لە لایەن ترەمپەوە کردەوەیەکی ئازایانەیە بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕابردووە ناخۆشە. لای خۆیەوە دۆنالد ترەمپ خۆشحالی خۆی دەربڕی بەوەی کە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە پێ دەنێتە سنووری خاکی کۆریای باکووروەوە، هاوکات بە گرنگییەوە باسی لە دۆستایەتی خۆی کرد لەگەڵ کیم.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
یەک شەممە 2019/7/1 ژمارە (5779)
www.xebat.net
خەبات

هاوواڵتییەکی عەرەب زیاتر لە ملیارێک دینار بە ژمارە 1ی تابلۆی ئۆتۆمبێلی هەڵەبجە دەدات



بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرای کرد، هاووڵاتییەکی عەرەب زیاتر لە 1 ملیار دیناری داوە بە ژمارە 1ی تابلۆی ئۆتۆمبێلی پارێزگای هەڵەبجە.

عەمید حەسەن عەبدوڵا، بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: پێنجشەممەی ڕابردوو 2019/6/27 هاووڵاتییەکی عەرەب، بە فەرمی هاتۆتە بەشی هونەریی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ و داوای ژمارە 1ی تابلۆی ئۆتۆمبێلی پارێزگای هەڵەبجەی کردووە، کە بیکرێت، ملیارێک و 100 ملیۆن دیناری داوە بەو ژمارەیە.

گوتیشی: تابلۆکانی پارێزگای هەڵەبجە لە ژمارە 1 تا ژمارە هەزار، بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێن و ژمارە یەکیش لە یەک ملیار دینارەوە دەست پێدەکات، ئێستاش تەنیا ئەوە ماوە ڕۆژی زیادکردنەکە دیاری بکرێت و لەم ماوەیەدا دیاری دەکەین.

بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە باسی لەوەش کرد، لە زیادکردنەکەدا هەموو هاووڵاتییەکی کورد و عەرەب دەتوانن بەشداری تێدا بکەن و پارەکەش بۆ پارێزگای هەڵەبجە خەرج دەکرێت.

لەبارەی داهاتی ئەو تابلۆیانەی تایبەت بە پارێزگای هەڵەبجەن دەچێتە خزمەتی چی و بۆ کوێ خەرج دەکرێت، ئازاد تۆفیق، پارێزگاری هەڵەبجە بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: لەلایەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەموو ڕەزامەندی دەربڕاوە، لە 2019/3/14ـەوە هەموو ڕێکارەکان تەواوبوون، تەنیا چاوەڕوانی ئەوەین کە ژمارەکان بخرێنە زیادکردنی ئاشکراوە، داهاتەکەش لە دینارێکەوە تا هەزاران دیناری دەچێتە خەزێنەی پارێزگای هەڵەبجە و بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و ئیشوکاری ئابووری خەرج دەکرێن.

پارێزگاری هەڵەبجە ڕوونی کردەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندووین کە سەرجەم داهاتەکانی پارێزگاکە بۆ ئەو شوێنانە خەرج بکرێن کە پێویستن بە پێی حەسمی ئەولەویات.

به هەوڵی بەرپرسی لقی 16 کێشەی خوێندارى نێوان دوو بنەماڵەی دەشتی هەولێر چارەسەرکرا



لەبەردەوامی هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان هاونیشتمانیانی سنوورەکە و کۆتاییهێنان بە کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان بنەماڵەکان، لەبارەگای لقی 16بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل، بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی و حزبی و حکومی و لەشکری و مامۆستایانی ئاینی و کەسایەتی و ریش سپی و ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەوادەی هەردوو بنەماڵە، کۆتایی هێنرا بەکێشەی خوێندارى نێوان هەردوو بنەماڵەی کەمال ئیسماعیل سلێمان و فازل عزیز مستەفا.

لەسەرەتای دەسپێکی ئاشتەواییەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای سوپاس و دەستخۆشی گەرمی بۆ هەردوو خانەوادەکە بۆ بەدەنگەوەهاتنیان و کۆتاییهێنان بەکێشەی نێوانیان، ڕۆڵی هەموو ئەو هاونیشتمانییانەی بەرز نرخاند کە ڕۆڵیان هەبوو لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، بێگومان ئەم هەنگاوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەسپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی ئەو دوو بنەماڵەیە و هیوادارین لەسایەی ئەم ئاشتەواییەدا کۆتایی بە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی هەردوو بنەماڵەی بێت و خۆشی و بەرەکەت بگەڕێتەوە نێو ماڵەکانیان.

دواتر هەردوو بنەماڵەی فازل عزیز مستەفا و کەمال ئیسماعیل سلێمان ڕێکەوتنی ئاشتەوایی نێوانیان واژوو کرد و سوپاسی خۆیشیان ئاراستەی لقی 16ی هەولێر و تەواوی ئەو کەس و لایەن و چاکەخوازانە کرد کە ڕۆڵیان هەبووە لەچارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و بەڵێنیاندا پابەندی ئەو ڕێکەوتنە بن کە واژوویان کردووە و ڕێگەش نادەن جارێکی دیکە کێشەی لەو جۆرە لەنێوانیاندا دووبارە ببێتەوە.

تاقیگەی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە کۆڵیژی ئەندازیاری کرایەوە

بەئامادەبوونی د. جەوهەر فەتاح یاریدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و هەردوو یاریدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و قوتابیان، جێگری کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و قوتابیان، ئاهەنگی دەیەمین ساڵیادی پڕۆگرامی هاوبەشی MEGIلە نێوان بەشی ئەندازیاری میکانیک - کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەڵاحەددین و بەشی میکانیک ژ زانکۆی فرایبێرگی ئەڵمانی سازدرا.

سەرەتا د. جەوهەر فەتاح وتاری سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددینی خوێندەوە و تیایدا جەختی لە هەماهەنگی هەردوو زانکۆ کردەوە کە وەک پردێکی پەیوەندی لەنێوان هەردوو زانکۆدا وەچەرخانێکی گرنگ، بەتایبەت لەبواری ئەندازیاری بەخۆیەوە بینیوە، لەپاشاندا لەلایەن جێگری کونسوڵی ئەڵمانیا لەهەولێر وتارێک پێشکەشکرا و تیایدا باسی لەوە هەنگاوانە کرد کە تیایدا لە زۆر ڕووە جگە لە هەر دوو زانکۆ، کونسولگەریش هەماهەنگ بووە لەبواری بەرەو پێشبردنی زانست، هاوکات ڕاگری کۆلیژی ئەندازیاری سەبارەت بەو بۆنەیە خۆشحالی خۆی دەربڕی و موژدەی ئەوەشی خستەڕوو کە پەیوەندییەکانی هەردوو بەشی میکانیک زانکۆی سەڵاحەددین و زانکۆی فرایبیرگی ئەڵمانیا درێژ کرایەوە.

ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزلێنان لە فەرمانبەرە خانەنشینکراوەکان سازدەکرێت



خەبات ـ هاوار مورتکەیی:

وەک ڕێزلێنانێک و پێزانینی ساڵانی خزمەتەکانی ئەو فەرمانبەرانەی ئەمسال لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری هەولێر خانەنشین دەکرێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر و کۆنترۆل و گەیاندنی هەولیر و بەرپرسی بەشەکان، لە شاری هەولێر ڕێورەسمێک بۆ ئەو فەرمانبەرانە بەڕێوەچوو کە بەپێی ڕێنماییەکان، بڕیارە لەم نزیکانە خانەنشین بن.

لە وتەیەکدا ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕۆڵ و توانای ئەو فەرمانبەرانەی بە بەرزی نرخاند و ڕایگەیاند: مرۆڤ کاتێک دەگاتە ئەم قۆناغەی ژیان پێویستە شانازی بەخۆیەوە بکات کە تەمەنێکی زۆری بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان لەڕێی ئەرکە جیاجیاکانیان کە لەسەر شانیان بووە جێبەجێیان کردووە، هەروەها گوتی: جێی خۆیەتی بەناوی خۆم و سەرجەم فەرمانبەرانەوە داوای لێبوردن لە هەریەک لەو فەرمانبەرانە بکەم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەهۆی لەیەک نەگەیشتنێک نیگەرانی لە لایان دروست بووبێت، هیوادارم هەموتان لەو قۆناغەی نوێی ژیانتان سەرکەوتوو و تەندروست باش بن.

بڕیاریش وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهەمان شێوە بۆ فەرمانبەرانی کە خانەنشین دەبن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر ڕێورەسمیان بۆ ڕێک بخرێت.

وەزارەتی کارەبا دەربارەی چۆنیەتی پێدانی کارەبای نیشتیمانی ڕوونکردنەوەی هەیە

ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

وەزارەتی کارەبای هەرێم هەمیشە لەخەمی زیادکردنی کارەبای نیشتیمانییە بۆ هاووڵاتیان و هەموو کاتێکیش ئاگاداری هاووڵاتیانی کردۆتەوە کە دەست بەکارەباوە بگرن و کارەبا زیاد لە پێویست بەکار نەهێنن بۆ ئەوەی بتوانن کارەبای زیاتر بە هاووڵاتیان بدەن، ئەگەرچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست لەسەر کارەبا زیاد دەکات، دەربارەی چۆنیەتی پێدانی کارەبا وەک ڕەژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد



ئەندازیار حەمە ئەمین هەورامی گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا:

وەزارەتی کارەبا بە شێوەیەکی پیشەییانە توانیویەتی بەشە کارەبای شارەکانی کوردستان دابەش بکات



هاووڵاتییان: ئەمساڵ بڕی پێدانی کارەبا زیادی کردووە

کارزان عەلی لە گەڕەکی زانیاری گوتی: لەماوەی ساڵانی ڕابردوو بڕی پێدانی کارەبای نیشتیمانی کەم بوو، بەڵام ئەمساڵ بە هەولێ و کۆششی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم، کارەبای نیشتیمانی زیادی کردووە ئەگەرچی ئێستا وەرزی گەرما تینی زۆرە و ئەگەر کارەبا بڕێن، شوکر بۆ خوا لەلایەن وەزارەتی کارەباوە هەوڵ بۆ زیاد کارەبا دراوە و هەموو خەڵکی بەو زیادکردنە دڵخۆشن.

ئەمساڵ کارەبای نیشتیمانی زیادی کردووە

ئەندازیار ئومێد محەمەد بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم گوتی: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر کارەبای نیشتیمانی زیاد دەبێت، پێویستە هاوبەشانی کارەباش دەست بە کارەباوە بگرن بە دڵنیایەوە کاتەکانی پێدانی کارەبا زیاتر دەبێت. ئێمە چەندین کۆبوونەوەمان لەسەر بارودۆخی کارەبا ئەنجامداوە تا بتوانیان زۆرترین کارەبا بە هاووڵاتییان بدەین، ئەگەرچی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم هەموو کاتێک بە پێی خشتەیەکی تۆکمە و داڕێژراو کارەبای بە هاووڵاتییانداوە و داواشمان کردووە و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ دابینکردنی گازوایل و سووتەمەنی بۆ وێستگەکان و ئەنجامدانی کارەکانی چاکسازی بۆ پێدانی کارەبای زیاتر بە هاووڵاتییان و دڵنیایی بە هاووڵاتییان دەدەین کە لە هاوینی ئەمسااڵدا خشتەی پێدانی

پۆڵەندا.. قوتابیانی کورد لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیدا کولتووری کورددییان ناساند

خەبات ـ هاوار موردتکەیی: لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا زانکۆی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵناسی، کە یەکیکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین زانکۆ تایبەتەکانی وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا، ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کەلتووری زانکۆ بەڕێوەچوو. ئامانج لە بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبارە بۆ لێکتێگەیشتنی قوتابیانی بیانی لە وڵاتانی جیهان و ناساندنی کەلتوری جیاوازە بەیەکتری. قوتابیانی کورد لە زانکۆی ناوبراو هەڵستان بە بەشداریکردن لەم ڤیستیڤاڵە و دانانی ستاندێکی تایبەت بە کوردستان بەمەبەستی پێشاندانی جلوبەرگی کوردی، خواردنی کوردەواری، چەند وێنەیەکی کوردستان، چەند پەرتووکێک دەربارەی کورد و کوردستان. لە بەشیکی ڤیستیڤاڵەکەدا قوتابیە کوردەکان هەڵستان بە پێشاندانی شایی و هەڵپەڕکێی کوردی و جۆش و خرۆشیان بە ڤیستیڤاڵەکە بەخشی و سەرنجی ئامادەبوانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشا. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلونیا لە گەڵ قوتابیانی کورد لە ڕێکخستنی ستاندی کوردی بەشدار بوو، هەروەها پشتگیری تەواوی قوتابیەکانیان کرد وەکو پێشکەشکردنی جلوبەرگی کوردی، پەرتوک، نەخشەی کوردستان هەروەها وێنەکانی کوردستان، دوای تەواوبوونی ڤیستیڤاڵەکە قوتابیانی بەشدار لە ڤیستیڤاڵەکە لە توڕی کومەڵایەتی فەیسبووک سوپاسی خۆیان بۆ سەرجەم هەماهەنگییەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلونیا دووپاتکردەوە.

لای خۆیەوە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا دەستخۆشی لەو قوتابیانە کرد و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ خواستن و ئامادەیی تەواوی خۆیان نیشاندا بۆ هەر هەماهەنگییەک کە خزمەت بە ناساندنی کەلتوور و شوناسی کوردی بکات لە پۆلۆنیا.

بەرپرسێ لقێ 9: ب ماندییوون وکەدا پێشمەرگەهێن شورشا گوڵانێ ئەقرۆ ئەم ب سەربەستی و ئازادی دژین



دڤێ سمیناریێ دا بەرپرسێ لقێ 9و ڕێزگرتن ل قوربانیدان و خەبات و تێکۆشینا پێشمەرگەهێن شورشا گولانا پێشکەفتنخواز و ل هولا بارەگایێ لیژنەیا ناوچا دارەتوو یا پارتی دیموکراتی کوردستان و ب بەرهەڤبوونا بەرپرس و کارگێر و ئەندام و کادرێن ناوچێ و هژمارەیەکا پێشمەرگەهێن شورشا گولانا پێشکەفتنخواز ل سنوریّ لیژنەیا ناڤبری، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9سمینارەک پێشکێش کر و ڕەوشا ئێکا ل کوردستانێ و ل ڕۆژهەلاتا ناڤین و عیراق و هەرێما کوردستانێ تێدا دەرباز دبیت ب گشتی و نەمازە ل هەلبژارتنا نێچیرڤان بارزانی وەکو سەروکێ هەرێما کوردستانێ و مەسرور بارزانی وەکو سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل کابینەیا نەهێ، دیسان بەرپرسێ لقێ 9گۆت: ب ڕاستی قارەمانی و خوراگرا پێشمەرگەهێن قەهرەمان ب سەرپەرشتیا سەرۆک بارزانی د بەرەڤانیکرنێ دا ل ئاخا پیرۆزا کوردستانێ کو ئەقرۆ پێشمەرگە وەکو سومبولا بەرەڤانیکرن ل مروڤایەتییێ هاتیە ناساندن ل جیهانێ کو ئەڤە ژی جهێ فەخرو شانازیا مللەتێ کوردە، ڕولێ پێشمەرگەهێن شورشا گولانا پێشکەفتنخواز ژی ب بلندی نرخاند و خویا ژی کر ب قوربانیدان وخەبات وماندیبوون و کەدا وە ئەم گەهاندینە ئەڤێ ڕۆژی کو ب ئاشتی و ئازادی و سەربەستی و سەرفیرازی بژین و هوین لبەرەڤبەرێن دیرۆکێ ب خامەیەکێ زێرین هاتینە تومارکرن، لدویڤ دا ڕێزلێنان ب سەر هژمارەیەکا پێشمەرگەهێن شورشا گولانا پێشکەفتنخواز ل سنوریّ لیژنەیا ناڤبری هاتنە دابەشکرن و ئەڤە ژی بوو جهێ سوپاسی و پێزانینێن پێشمەرگەهێن شورشا گولانا پێشکەفتنخواز و هیڤی خواست کو ئەوێن زەحمەت و ماندیبوون دیتی هەردەم ڕێز لێ بهێتە گرتن.

ئاڵوگۆڕی پۆستە لە نێوان هەرێم و وڵاتانی جیهان دەستپێدەکاتەوە



ڕۆژی یەکشەممە 2019/6/30 ئومێد محەمەد سالح، بەڕێوەبەری پۆستەی هەرێم و وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، دەستپێکردنەوەی ئاڵوگۆڕی پۆستەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان لە ڕێگای سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە و بە ڕەزامەندی وەزارەتی گەیاندنی عێراق و یەکێتی نێودەوڵەتی پۆستە ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی یەکشەمە، هاووڵاتیان دەتوانن بۆ ناردن و وەرگرتنی پۆستە لە هەر وڵاتێکی جیهان بێت، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی پۆستەی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بکەن. سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە لە ساڵی 2007 دامەزراوە و خزمەتگوزارییەکانی جێگای ڕەزامەندی هاووڵاتیان بووە، بەڵام بەهۆی گرفتی دارایی لەسەر داوای بەغدا و لە مانگی 10ی2017 کارەکانی لێ وەربگرن.

پۆستەوە ڕاگیرابوو. لە ئێستادا دوای چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، سەنتەرەکە دەستی کردۆتەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی و هاووڵاتیان دەتوانن سودی لێ وەربگرن.

کفری... 20 دەرمانخانە و تاقیگەسزادران

خەبات ـ سەبریە یوسف:

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی قایمقامیەتی شارۆچکەی کفری لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین لە شارۆچکەی کفری تەواوی دەرمانخانەکانی شارەکەیان بەسەر کردۆتەوە و بەپێی ڕێنماییەکان، حەوت دەرمانخانە و تاقیگەیان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ داخستووە. وێنەیەکی ئەو ڕاگەیەندراوەی قایمقامیەتی شارۆچکەی کفری بەخەبات دراوە، هاتووە لەم هەفتەیەدا لەلایەن لیژنەکانی بەدواداچوون لە قایمقامیەتی کفری پاش ئاگادارکردنەوەیان، حەوت دەرمانخانە و تاقیگە داخراون و 13ی تریش سزای ئاگادارکردنەوەیان بۆ دەرکراوە.

لەڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە لەم ڕۆژانەدا سزای سەر تاقیگە و دەرمانخانەکان لادەبرێن و گەر بێت دووبارەی بکەنەوە و سزای تووندتر دەدرێن.



کارەبا لە چاو هاوینی ساڵی ڕابردوو باشتر دەبێت هەرچەندە پلەکانی گەرما بەرز دەبێتەوە ئەگەر توانای زیادکردنی بەرهەمەکە هەبێت لە بەرامبەر خواستی هاووڵاتیان ئەوا کاتەکانی پێدانی کارەبا وەک خۆی دەمێنێتەوە و بۆ مانگی شەش باسی 18 کاتژمێر کارەبامان کردووە، بەڵام کارەبای زیاتر بەخەڵکی دراوە.

دواتر ئەندازیار حەمە ئەمین هەورامی گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا گوتی: وەزارەتی کارەبا بە شێوەیەکی پیشەییانە توانیویەتی بەشە کارەبای شارەکانی کوردستان دابەش بکات، ئەویش لە ڕێگەی بەدواداچوون و پێشنیازی تیمێکی ڕاوێژکاری و شارەزا بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای پارێزگاکان بوو، لێرەوە هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەینەوە، کە باس لە خراپی دابەشکردنی کارەبای شارەکان دەکەن و ماوەیەک بوو هەندی کەناڵی ڕاگەیاندن و کەسانی نابەرپرس دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە دابەشکردنی کارەبا لە نێو شارەکاندا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نییە هەربۆیە وەزارەتی کارەبا بە پێویستی دەزانێت نا دروستی ئەو هەواڵانە ڕەت بکاتەوەو هەموو کاتێک وەزارەتی کارەبا بەشێوەیەکی پیشەییانەو بەو پەڕی دادپەروەرانە کارەبای بە هاووڵاتیان داوەو بەو شێوەیەش کارەبا بەسەر شارەکان دابەشکردووە:

پارێزگای هەولێر 1129 میگاوات کارەبا، لە کاتێکدا خواست لەسەر کارەبا 1800 میگاوات بووە

پارێزگای سلێمانی 753 میگاوات و گەرمیان 138میگا وات و چەمچەماڵ 50 میگا وات و کارگەکانی سلێمانی 200 میگاوات و کۆی گشتی ئەو کارەبایەی بە شاری سلێمانی دراوە 1141 میگاوات بووە، لە کاتێکدا خواست لەسەر کارەبا 1200 بووە.

پارێزگای دهۆک 559 میگاوات، لە کاتێکدا خواست لەسەر کارەبا 900 میگاوات بووە دیارە سەرکەوتوویی ئەو بەرنامەیەش لە کاتی جێبەجێ کردن و وەرگرتنی داتاو ژمارەکان دەردەکەوێت بەوەی کە لەو مانگەدا بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی ناوەندی هەرێم بەو شێوەیە کارەبای نیشتیمانی بە هاووڵاتیان دراوە هەولێر بە تێکڕا 18 کاتژمێر کارەبا و شاری سلێمانی بە تێکڕا 19.46 کاتژمێر و گەرمیان 21 کاتژمێر و شاری دهۆکیش 14کاتژمێر کارەبا بە هاووڵاتیان دراوە.

دواتریش ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: دیارە ئەو بەشە کارەبایەی کە دەدرێتە هەولێر هەزار و 900 میگاواتە لەبەر بەرزی پلەکانی گەرما خواست لەسەر کارەبای نیشتیمانی زیاترە، هەر بۆیە بە گوێرەی خشتەیەک ئەو کارەبایەی هەیە بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان کارەبا دابەش دەکرێت و هەر کاتێکیش کارەبای نیشتیمانی بەردرێت ئەوا موەلیدە ئەهلییەکان کارەبا دەدەن بە هاووڵاتیان لەهەر کاتێکی شەویشدا بێت، هەر هاووڵاتییەکیش کێشەی هەبێت ئەوا دەتوانێ پەیوەندی بە لیژنەی بەدواداچوون بکات.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو یاسین سەلیم مزوری

بە دڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (یاسین سەلیم مزوری) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان و ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز ئازاد لەشکری

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی وەرزشوانی دێرینی کوردستان، (مزۆ لەشکری)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو مزۆ لەشکری لە بواری وەرزشدا خزمەتێکی بەرچاوی هەبووە و وەک ناوێک لەو بوارەدا هەمیشە بە زیندوویتی دەمێنێتەوە.

بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان و وەرزشوانانی کوردستان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز میقداد شاسواری

بە دڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (حەمدیە تاهیر ئیبراهیم)ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد مەحمود محەمەد

بە دڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن هەڤاڵ (ئەحمەد مەحمود محەمەد) ناسراو بە ئەحمەد کانی شۆکیمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەوادە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەیفەدین حاجی سەیفەدین

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ئامینا سیتو) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبووتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی خوالێی خۆشبن وەرزشوانی دێرین؛ مەزۆ لەشکری

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر، خوا لێیخۆشبێ، مەزۆ عەزیز لەشکریمان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە بەناوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لە ئێوە و تەواوی خزمان و دۆستان و وەرزشوانانی شاری هەولێر دەکەین، خوای گەورە سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێ و کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

لقی دوو

***

بۆ هاوکارمان ئازاد لەشکری

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی (مەزۆ لەشکری) براتمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەر و تەواوی ستافی ڕۆژنامەی خەبات پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و تەواوی خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەکەین و لە یەزدانی مەزن دەپارێینەوە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێ.

إنا لله و إنا إليه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەیە لە مزگەوتی نانەکەلی لە گەڕەکی ئازادی

خەبات

کوردستانێکی بەهێز



ئەوەرس رەشید

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، دروشمی: بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزی بەرز کردەوە، ئەو دروشمە لە ناوەرۆکی پەیام و بەرنامەی سیاسیی پارتیدا، وەک نەخشەڕێگای کاری داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە.



لەڕووی فەلسەفییەوە ئەوە لەخۆیدا مانای هێز دەگەیەنێ کە سەرکردایەتیی سیاسی پارتی، وەک ئەرک دەرکی بەوێنەی پیلان و شەڕەکان کردووە. دوای پێنج ساڵ لە تێکچوونی بەڵانسی هێز، حکوومەتی هەرێم و گەلی کوردستان، بەرابەرایەتی مەرجەعی نەتەوە جەنابی کاک مەسعود بارزانی، توانی بەڵانسەکە بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان راست بکاتەوە . بیرمەندانی قوتابخانەی ریالیستی، لە پەیوەندی سیاسی نێودەوڵەتیدا، لەو بروایەدان کە هاوسەنگیی هێز، تاکە ڕێگەی شیاوە لە گەمەی سیاسیدا بۆ سەرکەوتن و کەمکردنەوەی مەترسیەکان و زاڵبوون، بەسەر پیلانەکان وپاراستنی دەسەلاتدا . دەسەلاتی سیاسی پارتی توانی زاڵبێ بەسەر پیلان و شەڕەکانی بڕینی مووچە و بودجە و شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت و لێشاوی ئاوارە و پەنابەر بۆ کوردستان و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر. وڵات وحکوومەت ودەسەلاتی بەهێز، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، دژایەتی دەکرێت . لەبەر ئەوە هاوسەنگی هێز پێویستە بۆ لەخۆ گرتنی ئەو چاو تێبڕین و دژایەتیکردنەو زاڵبوون بەسەریدا . لەوبارەیەوە (هانس مۆرگانسۆ)وتوویە :(سیاسەت بوار و دەرفەتە بۆ گەیشتن بەدەسەلات، کاری سیاسی خەباتکردنە لە پێناو بەدەستهێنانی هێزدا، بناغەی سیاسەت پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانییە بەشێوەیەکی ڕەها . بەڵام سیاسەت لەسەر ئاستی سنوری کوردستان، کەپرسێکی نەتەوەیی مێژوویی نیشتمانی و ستراتیژییە ، هەروەها لەرووی دیمۆگرافیاوە ، کە دەوڵەتی عیراق بەرنامەڕێژی دریژخایەنی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە کردووە ، کە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی چڕوپڕ بەردەوامە. مادەی 140ی دەستووری فیدراڵی بەبێ ناوهێنان ئاماژەی بە گرنگی دیمۆگرافیای کەرکوک داوە لە خاڵی راپرسیدا ، کەرۆڵی یەکالاکەرەوە دەبینێ لە چارەنووسی کەرکوکدا. لەلایەکی تر ئەزموونی تاڵی دوو ئیدارەیی و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو زۆن، کۆسپ و تەگەرەی گەورەیە لە بەردەم ئەوفاکتە ردەدا، کە لاوازی هەرێم پیشان ئەدات .

فاکتەری کۆمەڵایەتی: بریتیەلەو بەهایەی کە دەسەلات و هاونیشتمانیان پەیرەوی دەکەن و کۆیان دەکاتەوە، لەگەڵ کوالیتی پەروەردە و خوێندن وئاستی ئابووری و سەربازی و مەعریفی وەک پێوەرەکانی هێز و سیاسەتی بەرگێڕەوەیی، هەوڵی پاراستنی ئەهەوەنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دەدەن.

سیاسەتی دەرەوە لە دەلاقەی پارادامی کۆنسترۆکتویسمدا(4):

کۆنستڕۆکتویسم وەک پارادایمێکی پێوەندیە نێونەتەوەییەکان بەپێچەوانەی ڕیئالیسم کە پێداگری دەکات لەسەر فۆرماسیونە(5) مادی و ڕواڵەتێکان و شرۆڤەی ئەوەیکە چلۆن دابەشکردنی دەسەلات و توانایییەکان کارتیکەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، دەشێ بگوترێ کە پێداگرە لەسەر فۆرماسیۆنە مانایی و مەعریفیەکان، واتە شرۆڤەی چلۆنایەتی فۆرم گرتنی شوناسی دەوڵەتەکان، واتە ئەگەر ڕیئالیستەکان پێیان وایە کە دەوڵەتەکان بەپێداگری لەسەر کەرەسە مادی و ڕواڵەتییەکان ئامانجیان بەردەوامی بوون، دابینکردنی ئەهەوەنی و هێزمۆنی هەرچی زیاتری دەسەلاتە ، ئەوا کۆنستڕۆکتویستەکان(6) باس لە ستراکچێر بوونی شوناسی دەوڵەتەکان لە ڕەوتی تەعامول لەگەڵ دەورگێڕانی تر و فرە دەرکەوتەبوونی سیاسەتی دەرەوە دەکەن.

هەرێمی کوردستان واقعێک لە نیزامی نێونەتەوەییدا:

ئالۆگۆڕە خێراکانی کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێک لەگرینگترین دەرکەوتەکانی، دەرکەوتنی هەرێمێکی دی فاکتۆی (7) نەتەوەیی بوو بۆ کوردان، کوردانێک کە بەبەردەوامی لەخەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکەیاندا بوون.

هەروەها بەمانای کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتار و کار و کردەوەی ئەوانی تر. بەکورتی هێز بریتییە لەتوانا و چۆنیەتی کاریگەریکردن لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری بەرامبەر، بۆئەوەی خزمەتی ئامانجەکانت بکات .

ئاراستەی دووەم : هێز بەمانای بەشداریکردن لە دروستکردنی، بریارە گرنگەکاندا لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

ئاراستەی سێیەم : بریتیە لە یەکانگیری وتێکەڵکردنی هەردوو ئاراستەکەی تر. بە خوێندنەوە و تێگەشتن لەو تێگانە و بەراوورد کردنی لەگەڵ واقیعی کوردستان و دەسەلاتی هەرێم، بۆمان دەردەکەوێت کە تا ڕادەیەک خاوەنی هێزین، بەڵام بەو ڕەهاییە نیە کە پێویستە و دەمانەوێت و دەبێ ببێ، چ لەروی فاکتەری سروشتی و مادەی، یان فاکتەری کۆمەڵایەتی بەگوێرەی پێوەرەکانی هێز.

فاکتەری سروشتی و مادی: بریتیە لە ڕووبەر و سنووری جوگرافیاو دیمۆگرافیا، کە وەک پێوەری هێز ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، لەڕووی پاراستن و بەکارهێنان و وەبەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان. ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کەرکووک،لەو مێژووەوەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە، جێگەی مللانێ و شەڕ لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراقدا. کورد دەیەوێت ئەو ناوچانە وەک بەشێک لە جوگرافیای سروشتی و مێژووی کوردستان، ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە ژێر ڕکێف و دەسەلاتی خۆی بۆ دیاریکردنی نێودەوڵەتی، بابەتێکی ڕێژەییە کە بەهۆ و ڕێگەی دیپلۆماسییەتەوە، دەتوانرێت ڕێککەووتن و هاکوفی لەنێوان هەردوو سیاسەتەکەدا بکرێت). هێنری کێسنجەر ئەڵێ :(لەدوا وێستگەدا ئاشتی لەسەر زەمینەی هاوسەنگی هێز دروست دەبێ، کە مەرج نیە هاوکووف و لێکچوونی داد پەروەری بێ). ماکس ویبەر پێی وایە : دەوڵەت، دەسەڵات پێویستی بە زەبری شەرعی هەیە)،بەمانا تووندوتۆڵ و بەبڕشت و چاوسورکەرەوە بێ . لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەو باوەڕەدایە کە هێز ئەتوانێ هەموو شتێک بکات وبەدی بێنێ، بەڵام ناتوانێ دادپەروەری بەدی بێنێ، چونکە کێبرکێ و مللانێی لایەنەکان بۆ بەدەستهێنانی هێزو دەسەلاتە. ئێمە لە کوردستان لەو دۆخەداین کەمللانێ بۆتە کۆسپ وتەگەرە لەبەردەم پرۆسەی سیاسی وگەشەکردنی کوردستان بەشێوەیەکی هاوسەنگ و دادپەروەرانە. هەر ئەوەش هۆکاری جیاوازی ژیاری و چۆنیەتی بەرێوەبردنی پارێزگاکانی هەرێمە، بەتایبەتی لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا. چەمکی هێز مانا و فاکتەر و پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە، کەسێ ئاڕاستە لەئاراداون بۆ پێناسەکردنی.

. ئاراستەی یەکەم: هەریەک لە، ماکس ویبەر، ڕۆبەرت داڵ وهانس مۆرگانسۆ، بەم شێوەیە پێناسەی هێزیان کردووە: هێز توانای کاریگەرکردنە لەسەر ئەوانی تر، توانای بەگەڕ خستنی بەرامبەرە بۆ ئەو کارەی کەتۆ ئەتەوێت بکرێت.

یەکەم: دەوڵەت نوێنەری کۆمەڵگایە.

دووەم: ئەرکی سەرەکی دەوڵەت لە پێوەندیە نێونەتەوەییدا ڕێنوینی کردنی سیاسەتی دەرەوەیە.

سێیەم: لەچوارچێوەی نیزامی نێونەتەوەییدا بۆ دەستەبەر کردنی لانی زۆری بەرژەوەندیێکانی نەتەوەییەکان هەوڵ دەدات.

دەشێ بگوترێت کە ئەساسی پارادایمی ڕیئالیسم لە پێوەندیکانی نێونەتەوەیی دا دابین کردنی لانی زۆری بەرژەوەندییەکان، ئەهوەنی(3) نەتەوەیی و نێونەتەوەیی لەلایەن دەوڵەتەکان بەکەڵک وەرگرتن لە کەرەسە مادییەکانە لەچوارچێوەی شوناسی نەتەوەییدایە. واتە دەوڵەتەکان وەک دەورگێڕی سەرەکی لە نیزامی نێونەتەوەییدا بە پێداگری لەسەر هاوسەنگیی هێز و سیاسەتی بەرگێڕەوەیی، هەوڵی پاراستنی ئەهەوەنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دەدەن.

سیاسەتی دەرەوە لە دەلاقەی پارادامی کۆنسترۆکتویسمدا(4):

کۆنستڕۆکتویسم وەک پارادایمێکی پێوەندیە نێونەتەوەییەکان بەپێچەوانەی ڕیئالیسم کە پێداگری دەکات لەسەر فۆرماسیونە(5) مادی و ڕواڵەتێکان و شرۆڤەی ئەوەیکە چلۆن دابەشکردنی دەسەلات و توانایییەکان کارتیکەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، دەشێ بگوترێ کە پێداگرە لەسەر فۆرماسیۆنە مانایی و مەعریفیەکان، واتە شرۆڤەی چلۆنایەتی فۆرم گرتنی شوناسی دەوڵەتەکان، واتە ئەگەر ڕیئالیستەکان پێیان وایە کە دەوڵەتەکان بەپێداگری لەسەر کەرەسە مادی و ڕواڵەتییەکان ئامانجیان بەردەوامی بوون، دابینکردنی ئەهەوەنی و هێزمۆنی هەرچی زیاتری دەسەلاتە ، ئەوا کۆنستڕۆکتویستەکان(6) باس لە ستراکچێر بوونی شوناسی دەوڵەتەکان لە ڕەوتی تەعامول لەگەڵ دەورگێڕانی تر و فرە دەرکەوتەبوونی سیاسەتی دەرەوە دەکەن.

هەرێمی کوردستان واقعێک لە نیزامی نێونەتەوەییدا:

ئالۆگۆڕە خێراکانی کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێک لەگرینگترین دەرکەوتەکانی، دەرکەوتنی هەرێمێکی دی فاکتۆی (7) نەتەوەیی بوو بۆ کوردان، کوردانێک کە بەبەردەوامی لەخەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکەیاندا بوون.

دەستپێکی دەیەی نەوەدی زایینی لە سەدەی بیستەمدا، جیهان چەند ئالۆگۆڕێکی گرینگی بەخۆیەوە بینی کە گرینگترینیان لە ئاستی جیهانیدا ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و لەئاستی ناوچەییش دەرکەوتنی هەرێمی دۆفاکتۆی کوردستان بوو. ساڵی 1990 لەپاش کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، سەددام حوسێن بەهێرشێکی نیزامی وڵاتی کوەیتی داگیر کرد، دژکردەوەی وڵاتانی جیهان بەدژ ئەو کردەوەیەی سەددام هێرشی نیزامی زلهێزەکانی جیهان لە ساڵی 1991 بوو کە وەک هێرشی گەردەلوولی بیابان باسی لێوەدەکرێت. لەپاش شکستی سەدام لە هێرشی گەردەلوولی بیابانداندا، دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردەکان لەتەنیشت هێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کورد لە باشوور بە پێشنیاری جان مێجێر سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا ، ناوچەی دژە فڕێن دانرا و بەو شێوەیە هەرێمی دی فاکتۆ بۆ کوردەکان بەدی هات و دەسەلاتی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی لەنیزامی نێونەتەوەییدا چڕۆی کرد.

گوتاری سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان

ڕێورەسمی سوێندخواردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی نوێتی هەرێمی کوردستان لە چەند ڕووەوە جێگای سەرنجە و دەشێ بگوترێ کە ئاوێنەی گوتاری سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. لەڕێورەسمی سوێندخواردنی بەڕێز نێچیروان بارزانیدا پەڕلمانی هەرێمی کوردستان و کوردستان وەک ژێنۆپۆلەتیکێکی(8) کوردانە بوو بە مەکۆی لێک کۆبوونەوەی کۆگشتیەک لە کاراکتێرە دژبەرەکان. ئەمریکا-ئێران، ئۆپۆزسیۆنی کوردی دژبەر ئێران-ئێران، ئێران-سعودیا ، کوردانی ڕۆژئاوا و باکور-تورکیا و.....هتد. دەشێ بگوترێ کە ئەو ڕێورەسمە لەڕاستیدا لەژێر تیشکی گوتاری سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە تێکەڵاوێکە لە ڕێئالیسم و کۆنستروکتویسم بەڕێوە چوو.

ڕیئالیسم بە مانای گرینگیدان بەکەرەسە ڕواڵەتییەکانی هێز و گرنگی دەوڵەت لە نیزامی نێونەتەوەیی و هەوڵ بۆ مسۆگەرتر کردنی دەوری کورد لە پێوەندیە نێونەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانیدا.

کۆنستڕۆکتویسم بەمانای پێداگری لەسەر شوناسێکی کوردانەی بەرهەم هاتووی ئیرادی و خۆبنیادنەری کوردانە و پێوەندی گرتن و تەعامول کردن لەسەر ئەساسی ئەو شوناسە و بنەما بوونی ئەو شوناسە وەک بنەمای گوتاری سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

دیارە ئەو گوتارە لە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی تەعامولی نەتەوەخوازانەی پارتی دێمۆکرات لەگەڵ هێزەکانی تری ناوخۆیی ناو هەرێمی کوردستانە، تەعامولێک کە ئاکامی ئەو، بەشداریی هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکان و دەرکەوتن وەک نەتەوەیەکی سەرجەم لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا چەق نابەستێ، بەڵکو سنوروو کۆتایی نیە. بەهێزیی وڵات لەوەدایە هوڵی ڕێککەوتنی سەرچاوە زەینیەکان بدات و سوودیان لێ وەرگرێت. ئالۆقن تۆقلە جەخت دەکاتەوە کە سەدەی بیست ویەک، هێز لەسەر پێوەری ئابووری و سەربازی ڕانەوەستێ، بەڵکومەعریفە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز پێویستمان بە فیکرو مەعریفەیە، بایەخ بەتوانای داهێنان بدرێت. لەم قۆناغەداکە گرژی و ئالۆزیومەترسی شەڕێکی گەورە لەئارادایە،حزب و لایەنە سیاسی و مەدەنی و جەماوەری کوردستان، لەبەردەم ئەرک و بەرپرسیاریەتی مێژوویی وسیاسی و نیشتمانی وئەخلاقیدان، کەیارمەتیدەر و هاوکار و پالپشتی حکوومەتی هەرێم بن، بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز.

فۆرماسیۆنی گوتاری سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

خوێندنەوەیەک بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان



شاهۆ حوسێنی

پێشەکی:


حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئاوێنەی بالانوینی خواستی نەتەوەیی، ئیرادەیەکی کوردانە و بەرهەمی مێژوویەکی خوێناوی لەخەبات و قوربانیدانی نەتەوەیەکی ژێردەست و زوڵم لێکراو، لەسەر ئەساس و بنەمای ناوەرۆک و شوناسی ناوخۆیی، پێویست بوو تا لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا هەڵگر و لەخۆگری فۆرمێک و چوراچێوەیەکی مەعریفی بێت تا لەژێر تیشکی ڕێنوێیەکانی ئەو فۆرمە مەعریفیە فۆرم بداتە پێوەندیە دەرکیەکانی و تەعامولاتی نێونەتەوەیی خۆی ڕێک بخات، کە بێگومان ئەویش شتێک نەبوو جگە لە ناوەرۆکی کوردانە و داڕشتنی فۆرمێک لەپێوەندیەکانی نێونەتەوەیی لەسەر ئەساسی ناسیۆنالیسمی کوردی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ کورد و لە ئاکامدا دابینکردنی فۆرمێک و چوراچێوەیەکی ڕوانگەیی مەقبوڵ و مەشروعی کوردانە لەناو زەین و دەروونی لایەنەکانی بەرانبەر لەنیزامی نێونەتەوەییدا.

سیاسەتی دەرەوە لەڕوانگەی ریئالیسم دا(1):

گومان لەوەدا نیە کە ڕیئالیسم (واقعییەت) لەبەراورد لەگەڵ هەموو پارادایمەکانی(2) ناو زانستی پێوەندیەکانی نیونەتەوەیی، گرینگترین و هێژمۆنترین پارادایمە کەلەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی وەک پارادایمێکی گرینگ، دەورێکی سەرەکی هەیە بۆ شرۆڤەی ئالۆگۆڕەکانی نێونەتەوەیی. ڕیئالیسم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەت وەک نوێنەری کۆمەڵگا ئەرکی ڕێنوێنیکردنی سیاسەتی دەرەوەی لەئەستۆیە وەک بکەرێکی عەقڵانی کە لەخزمەت بەرژەوەندیکانی کۆمەڵگادا دەوردەگێڕێت. سێ توخمی سەرەکی ڕیئالیسم لە سیاسەتی دەرەوەدا بریتین لە:




گرنگییا هەولێرێ بۆ بەغدا!



شێرزاد نایف

دبیت خەلەک بەرەڤانی هزر بکەت کو بەغدا ناڤەندە و دورپێچ دانایە سەر هەرێمێ و ئەوا ب سەرێ مە هاتی هەمی ژ بەغدایە، بەلێ هزرکرنا دروست ئەو نەبیت یا دوژمنێن مللەتێ کورد د سەرێ تاکێ کورد دائینابیت، چونکو دوژمنێ مەزنە و نە ئێک و دونە، ب هەمو رێیان هاتنە مە کو مە کوردان و ب تایبەت ئەزمونا هەرێما کوردستانێ و حوکمەتا وێ ژناڤ بەین، هەمی ژی ژ بەر مەترسییا سەرکەفتنا ئەنجامێ ریفراندۆمێ ژ بۆ سەربخوەیا کوردستانێ!!

کەربا هەمی وەلاتێن هەڤدوژ بوو ئێک ئاراستە د بەغدا را رەنگڤەدانێن خوە ئاراستەی هەرێمێ کرن، بەلێ بەرسڤدانا هەرێمێ هەکە مسعود بارزانی نەبان، دا گەلەک شیرێ وان تیژتر بیت ژ یێ نها ل سەر حەفکا کوردێ بێگونەهـ، هەلبەت پەنابرن بۆ ریفراندۆمێ ژی نە ژبەر بێ پێشمەرگەی نە تەمەت یا مسرێ بوو، هەروەسا ژی نەتەوەبوون یا جودابوو و پێشمەرگە یێ جودابوو ژ عیراقێ، بەلێ سامانەک بوو شیا گەلەکێ ڤەگریت، هەر ب لەز حوکمەتەکا نوو بۆ و دستوورەکی نوو بۆ عیراق راستڤەکر، هەلبەت هنگی تاکە هێزا رێکوپێک یا کوردان بوو ل عیراقێ و دشیا دەستێ خوە دابنیتە سەر دەستهەلاتێ چونکو هینگی ئاژاوبوو ، بەلێ سیاسەتا راست یا کوردی یا دووری پەیداکرنا ئاریشەیان بوو و دوور بوو ژ گیانێ تولڤەکرن و کەیسا مرۆڤاتی چونکو ئەوی تێرا دەڤەرێن بێخودان کربوو و سازیێن وێ بێن فەرمی پاراستن و پاسەوانیا گەلێ عیراقێ کر وەکو ئەزمونا لەشکرێ مسری ل دەمێ شۆرەشا بوهارا عەرەبی ل مسرێ کا چاوا سازیا لەشکرێ مسری نەهێلا مسر وێران بیت، بەلێ ئەڤ وەکهەڤکرنە یا رێژەی یە چونکو قەبارا ئەگەر هاتبوو، بەلێ درەوێن بەغدا ل هەرێمێ کرین، گەهشتە وی رادەی کو بەری بحەلینیت!!. هەکە هەولێر پیگەهێ بەغدا دانابوو هەر ل دەسپێکا رۆخیانا رژێما بەعسیان ل عیراقێ، و قەنجیا هەرە مەزن یا هەرێمێ بوو کوعیراق راگرت هەر بلەز پێشمەگێ خوە رەوانەی خوە مەزلۆمیەت دیتیە!. پشتی هینگی ژی گەلەک جاران هەولێر سەرانێن بەغدا پێکئینیانە و بوو وان ببوو مەرجەعێ سیاسی، نها ژی پشکا دوێ ژ هەمان سیناریۆیێ یا دوبارە دبیت، بو بەغدا دیاربوو کو هەبوونا هەرێما کوردی و تایبەت ژی کەسێ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی نە بارزانی سەنگا عیراقێ دێ گەرەنتی بیت، چونکو ئەوا ب سەر هەرێمێ دا هاتی، میناکەک و تاقیکرنەکا مەزن بوو ل سەر ئەکتیڤیا رۆلێ حوکمەتی و رۆلێ کەسێ نێچیرڤان بارزانی بۆ سڤککرنا ئاریشەیان و دوورخستنا شەر و شەماتە و سیاسەتێن گەرموگۆر بۆ تێکدانا عیراقێ وەکو فلتەرەکی یە بو سڤککرنا ئاریشەییێن سیاسی و تایبەت ژی دناڤبەرا ئیرانێ و ئەمریکا دا بوویە بەلانسەک و بو وان دیاربو کو کورد نەیێن خرابیێ نە، دێ مفای ژ سەربۆرا کوردان وەرگرن، ژبلی سامان و خێراتێن لێ هەیین. لەورا ژی ئەڤ سەردانا دووماهیێ یا نێچیرڤان بارزانی جهێ بایەخێ بەغدا بوو، هەکە نە ئەو بەرکێ سۆر یێ درێژ بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی نە دهاتە دانان نە سەرێ دیار و نەبن.. ئەو زانین و بها هند یێ گرنگە بۆ بەغدا، لەورا ژی هەولێر بۆ بەغدا گرنگترە ژ وەکو دی. . و پاشەرۆژ هێشتا دێ ڤێ پەیاما مە پەسەند کەت و دێ بیرا وە ئینم!!.



سازان وەهاب

شۆڕشی سپی بە دەموچاوی نوێ

شۆڕشی سپی، بەو ئەنجامە بەردەست و تەواوکاریانە دەگوترێت کە لە ئەنجامی چاکسازیی ریشەیی لە بواریک یا زێدەتر سەرهەڵدەدات و دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ ئیدامەدان و بەردەوپێشبردنی بارودۆخەکە بەرەو باشتر.

لە ئێستادا پرسی بەردەوامی بوونی چاکسازی لە حوکمڕانی کوردستان بابەتێکی بایەخدارە چ لای هاوڵاتی چ لەو دروشمانەی حزبەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەم هەڵیانگرتووە.

گرنگترین پرسیار لەوەدایە ئاخۆ ئەم شۆڕشە سپیە لە کوردستان زەمینەی بۆ خۆشکراوە؟ کارەکتەر و پرۆژە و ستراتیژیەتی پێویست لەبەردەستن؟

بێگومان ئەگەر تەرکیز بەتەنیا لەسەر ئەوە بێت دەموچاوی نوێ دەتوانێ ئەوە بکات، ئەوە پشتبەستنێکی هەڵەیە.

ناتوانم گومان لەوە دروستبکەم کەسی یەکەم خاوەن ڕوئیایەکی ڕوون نەبێت، بەڵکو باش لەوە تێدەگەین ئامانجێکی مەزنی هەیە لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سپی بۆ نیشاندانی تواناکانی خۆی لەو چەند ساڵەی کە دەبێتە پێوەری حوکمڕانییەکی باش.

گومانەکانی من و خەڵکی کوردستانیش ئەوەن، دەموچاوی نوێ لە نێو کابینە پێوەری سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە و دەتوانێ لە ئاست خواست و داواکارییەکانی خەڵک بێت، کە ئێستا خواستی نیشتمانی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی لە چاکسازی بێتە بنکەیەکی فراوانی کارکردنی هاوبەشی هێزەکان.

ئاخۆ یاسا و ڕێنوێنییەکان لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت ئەو یاسایانەی هاوبەشن لەگەڵ عێراق ڕێگە دەدەن؟ ئاخۆ ئەوانەی دەبن بە وەزیر و خوارتر لەو پلە و پۆستانە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزن بۆ بەردەوامی و بردەودان بە پرۆژەی چاکسازی؟ ئایا چاکسازی وەک هەمیشە دەبێتەوە خاڵی موزایەدەکردن و تێکەڵ دەکرێت بە ئامانجی سیاسی حزبەکان؟

ئەمانە پرسیارن، دەکرێت لەئێستاوە دەستبەرداری دروشم بین، هانگاوی کردەیی بۆ ئەو ئامانجە بنرێت، حکوومەت و کەسایەتییەکان نەکرێنە ئامانج بۆ پێهەڵگوتن، بەڵکو کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکرێت و ڕەخنە بگیرێت و پەنجە لەسەر کەموکوڕییەکان دابنرێ. ئەگەریش سەرکەوتن لە شۆڕشەکەدا نەبوو، ئەوکات دەبێت بگوترێت کە: پێوەرەکانی بەخشینی پلە و پۆست کەموکوڕی تێدا بوو.

هەڵبژاردنەکانی یەکێتیی ئەوروپا و پرسی ناسنامە



5

هەڵۆ بەرزنجەیی

پرسی ناسنامە، لە جیهانی ئیمرۆشدا و لەم ژینگە بارگاوییە بە گلۆبالیزەیشن ، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی ڕۆبۆتی زیرەک، هەڵگرتنی سنوور، کۆسپی لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵاوی یەکجارەکی گەلان ، نەعرەتەی دژە دەوڵەتی نەتەوەیی و شتگەلێکی تر، هێشتا سەنگ و بایەخی خۆی نەک هەر لەدەست نەداوە، بگرە گەر سەرنجێکی وردی بەدیقەت بدەین لە پێشهات و ڕووداوەکان و بیروڕای خەڵک، لەسەرتاسەری جیهاندا بەگشتی و لە وڵاتانی ئەورووپای سەرتۆپی وڵات و کیشوەری هەرە پێشکەوتووە لە جیهاندا بەتایبەت، ئەوە دەبینین کە ئەم پرسە ، شووناس گەلێ زیاتر لەجاران گرنگی و بایەخی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی ژیان و بەرەوپێشوەچوونەکاندا دەسەپێنێ. هەروەها تا تێستا لە پلەی یەکەمدا دێت و هێشتا بزوێنەری گەلێ باس و خواست و بیرکردنەوە و تێڕامانی تاک و نەتەوەکانە.

کەواتە دەتوانین بڵێین، تازە هیچ مەزهەب و ئایدۆلۆژیایەک ناتوانێ، پۆڵەندیبوونی تاکێکی پۆڵەندی بسرێتەوە. جیهان سەروژێر بێتەوە، فەرەنسییەک دەستبەرداری سیمبۆلە نەتەوەییەکانی نابێت، بە ئۆکرانییەک بڵێی تۆ ڕووسی،لێت قبوڵ ناکات. داوا لە کاتالانی و سکۆتییەک بکە و بڵێ لە وڵاتی دیموکراسی وەک ئیسپانیا و بەریتانیای مەزن دا، دانیشن و چیتان داوە لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، لێت نیگەران دەبن. بە هۆڵەندییەک بڵێ چیت داوە لە پەرلەمان و دەوڵەتە نەتەوەییەکەت، ئالای دژە شوناس بڵند بکەرەوە، بە توندی بەگژدا دێتەوە. پێشنیاز بکە بۆ هەنگارییەک هەموو سیمبۆلە نەتەوەییەکانی بپێچێتەوە و بچێت لە برۆکسلی پایتەختی یەکێتی ئەورووپا ، ئالا و پەساپۆرت وەربگرە، بەگومانەوە لێت دەڕوانێت. بە سویدییەک بڵێ نەخشەی دەوڵەتەکەت بسڕەوە لەسەر ئەتڵەسی ئەورووپا و جیهان، بە شێتت تێدەگات. بە ئیتالییەک بڵێ واز لە هەڵبژاردەی نیشتمانی و بەها و سیمبولە نەتەوەییەکانت بهێنە، تیزت پێوە دەکات.

سەرنجێکی خێرای شوناسی کوردبوون لەتەواوی کوردستان دا، ـ لەوە گەڕێ داگیرکەران و دوژمنان بە کام توانا و شێوازی جەهەنەمی بڤەوە بەردەوام کار لەسەر پیلانگێڕیی و شێواندنی شوناسی کوردی دەکەن ـ ئەوەمان بۆ دەدەخات،ئەم پرسە پرسێکی ستراتیژی هیچ حزب و دامەزراوە و ناوەندێک نیە بەڵکو ئامانجی شۆڕش و بەرخۆدانو بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانە. لەمەش ترسناکتر، حیزب و دەستەیەکی سەرلێشێواوی بێئاگا لە واقیعی جڤاکی و میژوویی کورد و هەڵکەوتی جیۆپۆلەتیکی کوردستان، هەر ڕۆژی بەمۆدێلێکی سەقەت و کوشندە و ژەهراوی دروستکراو و فشە مۆدێرن و پۆتێیای سەردەم و تیۆری نەزۆکی بیریاران، پرۆپاگەندەی بڤە لەدژ ناسنامەی کوردبوون بۆ مەبەستی جۆراوجۆر دەکەن. ناسنامەیەکی کوردبووون، کە داگیرکەران بە دێژایی 2700 ساڵە درزی تێدەکەن و دەپرۆشێنن و دەیشێوێنن و لەناوی دەبەن و نکۆڵی لێدەکەن، شایانی ئەوەیە هەموو وزە و توانا و دەسترۆیشتوویی کوردی بۆ تەرخان بکرێ.

بۆ نموونە ئەو خرۆشانەی چرکەساتی میژوویی ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی 2017 بە دەنگی بەڵێی 93% ، لە باشووری وڵاتدا تۆماری کرد ،وەرچەرخانێکی گرنگ لە بزاڤی نەتەوایەتمان ساز دا و بووە مایەی سازدانی یەکێتییەکی نەتەوەیی ، هەڵکشانی کێرڤی هەستی نەتەوایەتی، بەرزبوونەوەی هۆشیاریی سیاسی ، ڕابوون و متمانە بەخۆکردنی تاکی کورد، جۆش و خرۆشێکی تری بە هەست و نەست و مۆرۆڵی کورد لەسەرتاسەری کوردستاندا بەخشی. هاوکات کورد نیشانی جیهانی دا، نەتەوەیە و بوونی هەیە و دەژی و دەخوازێ سەربەخۆ بێت و داگیرکەرانی تووشی شۆک کرد...هتد.

کەچی کەمینەیەکی نەیارانی ڕیفراندۆم بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ژینگەیەک بخوڵقێنن، ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستانە ئاوەژوو بکەنەوە. بیر و هەڵوێستەکەشیان بەوە پاساو دەدەن، کە کاتی ڕیفراندۆم گونجاو نەبوو، یان هەر نەدەبوو بکرێ و ئەو کارە هەڵەبوو. دیارە پووچەڵترین و بێبەهاترین بیانووشیان ئەوەیە، دەوڵەتانی دروانێ ـ واتە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تورکیا، ئێران، سووریا و عێراق ـ بەم هەنگاوە ڕازی نەبوون و دژست و نەیارەکانیشمان لە جیهان پێیان باش نەبوو. ئەم بڕوبیانووگرتنە لە ڕیفراندۆم، جارێ بۆخۆی مانا و ناوەڕۆکی خەبات و شۆڕش پووچەڵ دەکاتەوە و بەهیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر پرسەکان. چونکە ئەوەی ئەو کەمینەیە پێمان دەڵێ: کورد دەبێ هەر چاوەڕێی ئەوە بکەن ، OK لە دەوڵەتانی داگیرکەر و هێزە جیهانییەکان وەربگرن. ئەم داوایەش، هاوچەشنی ئەوەیە کورد وتەنی: سەدساڵ بەدیار داری زێرەوە دانیشی تا بەرت بۆ بگرێ. ئاخر ئەم ناواقیعی و ناخەباتگێڕیی و نائیشتمانپەروەرییەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ، هەر خۆی لەڕووی لۆژیکییەوە چەوت نییە ، بەڵکو ڕەگوریشەکەشی جێی گومانە. لە ڕوانگەیەکی تریشەوە، لەڕووی دیموکراسییەوە دەبێ، کەمینە بڕیاری زۆرینەی پەسەند بێت و کاری پێ بکات.



کاروان محەمەد سینۆ

هەڵۆێستی (پەکەکە و گروپەکانی) دژی بوونی کیانی سیاسی کوردستانە!!

باشووری کوردستان بەپێی دەستووری فیدراڵی عێراق، هەرێمێکی سەربەخۆیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. هەروەها باشوری کوردستان پەرلمان و حکوومەتی تایبەت بەخۆی هەیە و کیانێکی سیاسی دانپێنراوە کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە ناوەند ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها لە بەرامبەردا، دەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، پێگیری پرۆتۆکۆل و دیپلوماسییەت و یاسا و ڕێنماییە فیدراڵی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بێت. ئەمە حەقیقەتێکی یاسایی و سیاسیی کیانی هەرێمی کوردستانە کە نکوڵی لێ ناکرێ. لەم ڕووەوە پێویستە و ئەرکی هەرێمی کوردستانە وەکو یەکێک لە بنەماکانی دیپلۆماسییەت و پرتۆکۆلی هەرێمی کە ڕێز لە پەیوەندی و بنەماکانی دراوسێیەتی وڵاتانی دەوروبەر (ئیران و تورکیا و سوریا) بکرێت و ڕێگری لە بەزاندنی سنوور و قاچاخچێتی و هێرش بردنە سەر هەریەک لەم وڵاتانە بکات، ئەگینا هەرێمی کوردستان کیان و پێگە و کەسایەتی سیاسی خۆی وەکو هەرێمێکی دانپێنراوی فیدراڵی عێراق لەدەست دەدات،یاخود لاواز و بێ مانا دەبێت. لەبەرانبەردا هەریەکە لەم وڵاتانە مافی ئەوەیان دەبێت کە تانە و گلەیی لاوازی هەرێمی کوردستان بخەنەروو و گوشار و هەڵۆێستی نەرێنی بەرانبەر ئەم هەرێمە پەیڕەو بکەن. وێدەچێ ئەمەش (گوشار و هەڵۆێستی نەرێنی بەرامبەر باشوری کوردستان) خواست و ڕۆژەڤی ئەمڕۆی ناحەزانی کوردستان بێت لەم دەڤەردا، چونکە چەند ڕۆژێکە جموجۆڵ چەکدارانی (پەکەکە) و بوردومانی سوپای تورکیا لە باشوور کوردستان پەرەی سەندووە و لە ڕاگەیاندراوێکی ڤیدیۆییدا کە پێگە و مالپەڕ و میدیاکانی (پەکەکە) بڵاویان کردۆتەوە، کۆمەڵێک چەکداری (دەمامک دراو) ؟! وەکو گروپێکی چەکدار لە باشووری کوردستان بوونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بەرەنگار بوونەوە و هێرشبردنە سەر بنکە و پێگەکانی تورکیا، لەکاتێکدا هێرش و چالاکییەکانی (پەکەکە) لە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بۆسەر خاڵە سنووریییەکانی تورکیا و خۆ حەشاردان و هاتنی بە ئەنقەستیان بۆ نێو گوند و ماڵ و گیڵگەکانی خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان، بەڵگە و بیانوبان داوەتە دەست سوپای تورکیا و بۆتە هۆکاری ئەوەی هێز و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ڕاکێشنە ناو خاکی هەرێم. ئەمەش لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بۆتە هۆی بۆردوومانکردنی دەڤەرەکانی (قەندیل و برادۆست و بادینان) و لە ئەنجامیشدا چەندین خەڵکی سڤیلی ئەم دەڤەرانە بۆنەتە قوربانی بۆردوومانی توپ و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا و خەڵکی گوندەکانی ئەم دەڤەرانە گوند و کێڵگەکانی خۆیان جێ هێشتووە.لێردا بە شێنەیی دەپرسین، گەلۆ... لە نێو خاکی هێمن و ئارامی هەرێمی کوردستانەوە هێرش بکرێتە سەر خاڵە سنووریییەکانی تورکیا و خۆ حەشاردان لە نێو گوند و ماڵ و کێڵگەکانی خەڵکی بێ گوناهی باشووری کوردستان لە بەرژەوەندی کێ دایە ؟!، ئاکامی ئەم هێرشانە چییە و چی دەبێت؟!، بێجگە لە تێکدانی بارودۆخی ئارامی باشووری کوردستان و پەیرەوکردنی گوشار و هەڵۆێستی نەرێنی بەرانبەر باشوری کوردستان، ئەمەش تەنها لە بەرژەوەندیی ناحەز و نەیارانی هەرێمی کوردستانی فیدراڵە و دژی بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەتایبەت کە ئەمڕۆ (لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە) نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و لە دانوستاندایە لە گەڵ حکوومەتی بەغدا و شاندێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرپرسانی (یۆنامی) بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (140)ی دەستور و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکانی کوردستان. کەواتە چالاکییەکانی (پەکەکە) و گروپەکانی ئەم سات و ئانەدا تەنها خزمەت بە دوژمن و ناحەزانی هەرێمی کوردستان دەکات و دژی کیانی فیدراڵی کوردستانە. لەلایەکی دیکەشەوە، چالاکییەکانی (پەکەکە) لەم سات و ئانەدا بۆچوون و شلۆڤەی نەرێنی زۆر لە خۆ دەگرێ هاوشێوەی چالاکییەکانی (تابووری پێنجەمە) کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە ؟!!، ئەگینا ئەوەتا شاری (عەفرین) لەخاچدرا و داگیرکرا و تاڵان کرا، کەچی (پەکەکە)و گروپەکانی تاکو ئێستا تەنانەت یەک فیشەکیشیان بەرووی داگیرکەران نەتەقاندووە؟!!.

دائرة كاتب العدل اربيل- الثانية
قسم انذار و عزل وكيل
العدد: ٤٣٦
تاريخ: ٢٠١٩/٦/٢٦
الانذار
المنذ/ (رائدة رشيد عداي) وكيل (فيصل وسام محى الهيمص) مدير العام وكاله المصرف العراقى للتجاره- اضافة لوظيفه
المنذر اليه/ (خوشەوی بایز عباس)
تم توجيهك بالانذار من دائرتنا من قبل المنذر/ (رائدة رشيد عداي) وكيل (فيصل وسام محى الهيمص) مدير العام وكاله المصرف العراقى للتجاره- اضافة لوظيفه بانذار المرقم (٢٥٠) فى (٢٠١٩/٤/٨) لعدم علمنا و معرفة محل اقامتك المجهوله بموجب اشعار مختار محلة (وزيران) بتاريخ ٢٠١٩/٦/٢٥ استنادا الى الفقره (٩) من العقد المبرم معكم بتاريخ (٢٠١٤/٥/٧) و الخاص بالتسهيلات الممنوحه اليكم نود اعلامكم انه تقرر اختيار (محافظه بغداد) موطنا مختار اللاغراض المدرجه ادناه.
١- تنفيذ احكام العقد.
٢- اقامة الدعاوى الحقوقية الناشئه عن العقد (وقد اعذر من انذر)
چراخان محمد مصطفى
كاتب العدل الثانى
***
دائرة كاتب العدل اربيل- الثانية
قسم انذار و عزل وكيل
العدد: ٤٣٥
تاريخ: ٢٠١٩/٦/٢٦
الانذار
المنذ/ (رائدة رشيد عداي) وكيل (فيصل وسام محى الهيمص) مدير العام وكاله المصرف العراقى للتجاره- اضافة لوظيفه
المنذر اليه/ (سربست بايز عباس)
تم توجيهك بالانذار من دائرتنا من قبل المنذر/ (رائدة رشيد عداي) وكيل (فيصل وسام محى الهيمص) مدير العام وكاله المصرف العراقى للتجاره- اضافة لوظيفه بانذار المرقم (٢٥١) فى (٢٠١٩/٤/٨) لعدم علمنا و معرفة محل اقامتك المجهوله بموجب اشعار مختار محلة (وزيران) بتاريخ ٢٠١٩/٦/٢٥ استنادا الى الفقره (٩) من العقد المبرم معكم بتاريخ (٢٠١٤/٥/٧) و الخاص بالتسهيلات الممنوحه اليكم نود اعلامكم انه تقرر اختيار (محافظه بغداد) موطنا مختار اللاغراض المدرجه ادناه.
١- تنفيذ احكام العقد.
٢- اقامة الدعاوى الحقوقية الناشئه عن العقد (وقد اعذر من انذر)
چراخان محمد مصطفى
كاتب العدل الثانى
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : محسن خديدا الياس
قدمت السيده / كنى قاسم خلف طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
دائرة كاتب عدل دهوك
العدد / ١٢١٣
التاريخ / ٢٠١٩/٦/٢٧
م/ اعلان
المنذرة (صبيحه علي حسين) وكيلها المحامي (كيفي نزار حميد)
المنذر (محمد حمه سعيد محمود) العنوان مجهولوا محل الاقامة
سبق وان بعت الدار المشيدة على القطعة المرقمة (٢٢٦٣/١٨) مقاطعة ٨٤ بروشكي) بتاريخ ١٩٩٩/٤/٢٠ واسلمت ثمنها نقدا وان موكلتي المشترية (صبيحه علي حسين) منذ تاريخ شرائها وبدون معارضة تحريرية منك وانك لم تقم بتحويل العقار اعلاه باسم موكلتي المشترية لدى مديرية التسجيل العقاري ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنكم في المحلة الان وكتاب مديرية التبليغات القضائية في دهوك المرقم ١٦٨١ في ٢٠١٩/٦/٣٠ والانذار المرقم ١٢١٣ المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٦/٢٧ عليه ننذرك بوجوب حضورك لدى مديرية تسجيل العقاري في دهوك في الساعة ١٠:٠٠ صباحا من يوم ٢٠١٩/٧/١٥ لتحويل ملكية العقار اعلاه باسم موكلتي المنذرة وفي عدم حضوركم سوف تعتبرون ناكلين عن البيع وستكون مضطرين الى اقامة الدعوى عليكم في المحاكم المختصة استنادا الى الاحكام قرار مجلس قيادة المنحل والمرقم ١١٩٨ الصادر في ١٩٧٧ وتحميلكم كافة المصاريف واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر
نيدار محمد محمد مهدي المفتي / المدير (كاتب عدل دهوك)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠٦٩/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٣٠/٦/٢٠١٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠٦٩/٢٠١٩) تۆتومبێلی ژمارە (٢٦٦٠٩٣ - هەولێر - تایبەت) جۆری (داسیا سالون) مۆدێل (٢٠١٢ ڕەنگی ڕەش) قەرزار (کۆمپانیای بیابان) بەڵێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (موفق حسن حسین) کە بڕی (٤,٨٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) ساێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئاماەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەڵالیەکەش لەئەستۆی کریارە و پشکەکانی کۆمپانیا بەبڕی (٦,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٤٩/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٤٩ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقة العدة) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٤٨/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٤٨ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی رابردوو) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٥٠/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٥٠ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تعویض طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٤٨/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٤٨ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی رابردوو) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٥٠/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٥٠ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تعویض طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ١٠٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٧/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ڕێبین عبدالرحمن سعید) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (١- هوگر مغدید مجید ٢- کرم خضر ابراهیم)
داوای ژمارە (١٠٤/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (قەرزەکەی بەبڕی ٨١٩٧١٧٠٤ هەشتا و یەك ملیۆن و نۆسەدو حەفتاو یەك هەزار و حەوت سەد و چوار دینار عیراقی دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی (سەربەستی) بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت رابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٣) کاتژمێر (٩:٠٠) سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەور/ نیگار احمد محمد
***
ئاگاداری
ماڵپەری میدیایی (تەما) کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (کاروان مهدی عثمان) ە ئۆفیسی سەرەکی لە شاری (هەولێر)ە بە زمانی (کوردی) بڵاودەبێتەوە هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە باپەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات ٠٧٥٠٤٤٥٢٥٠٤
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٤٨/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٤٨ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی رابردوو) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٥٠/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٥٠ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تعویض طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ١٠٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٧/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ڕێبین عبدالرحمن سعید) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (١- هوگر مغدید مجید ٢- کرم خضر ابراهیم)
داوای ژمارە (١٠٤/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (قەرزەکەی بەبڕی ٨١٩٧١٧٠٤ هەشتا و یەك ملیۆن و نۆسەدو حەفتاو یەك هەزار و حەوت سەد و چوار دینار عیراقی دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی (سەربەستی) بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت رابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٣) کاتژمێر (٩:٠٠) سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەور/ نیگار احمد محمد
***
ئاگاداری
ماڵپەری میدیایی (تەما) کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (کاروان مهدی عثمان) ە ئۆفیسی سەرەکی لە شاری (هەولێر)ە بە زمانی (کوردی) بڵاودەبێتەوە هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە باپەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات ٠٧٥٠٤٤٥٢٥٠٤
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١٨٤٨/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٥/٦/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (١٨٤٨ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی رابردوو) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەور/ طارق حسين كريم

دادگای باری کەسی سلێمانی/٥
ژمارە: ٤١٠٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٠
ئاگاداری
بۆ هاوڵاتی (سۆران قادر سلیمان) ئامادەبێت لەم دادگایە لەماوەی (٧) رۆژ بەمەبەستی سەرپەرشتیاری مندالەکەت بەناوی کەتان و لاسک سۆران قادر) وە ئەگەر ئامادە نەبیت ئەوا دایکی مندالەکە بەناوی (ساکار هوشیار صابر) دەکەینە سەرپەرشتیاری مندالەکە.
دادوەری یەکەم/ د. سردار علی عزیز
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٤٠٦٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٧/٦١٨ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی بری پارە (١,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیار و شەش سەد ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانینی کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولک (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر)
- جۆری مولک (ملک صرف)
- ڕووبەر (٣١٩,٦٤م٢)
- ژمارەی مولک (٣٧/٦١٨ کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولک (گەرەکی راستی/ نەخۆشخانەی سەنتەری دل/ و شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی/ تجاری ، ڕێگای سەرەکی هەولێر/ کرکوک هۆتێل هلین دی ڤیلای (٤) ئەستێرەی لەسەر دروستکراوە)
- پێکهاتەکەی/ بالەخانەکە پێک هاتووە لەژێر زەمین لەگەڵ (٤) چوار ژووری (ساونە) لەگەڵ حەمام و ئاودەست سەر نهۆمی زەوی وە نهۆمی یەکەم پێک هاتووە لەهۆلێکی گەورەو (استقبال) لەگەڵ ژوورێک و نهۆمی دووەم پێک هاتووە لەهۆلێکی (خواردنگە) لەگەڵ چێشتخانە لەگەڵ (٢) دوو حەمام و (٢) دوو ئاودەست و نهۆمی سێیەم پێک هاتووە لە (٥) پێنج ژووری حەمام و ئاودەست لەگەڵ (هۆلێکی گەورە) بۆ کۆبوونەوە نهۆمی چوارەم و پێنجەم پێک هاتووە لەهەر نهۆمێک (٨) هەشت ژووری ئاودەست و نهۆمی شەشەم و حەوتەم پێک هاتووە لەهەر نهۆمێک (٧) حەفت ژووری حەمام و ئاودەست نهۆمی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم هەر نهۆمێک لە (٨) هەشت ژووری حەمام و ئاودەست و نهۆمی یازدەهەم پێک هاتووە لەژووری و حەمام و ئاودەست لەبلۆک و کۆنکریت دروستکراوە.
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٤٠٦٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٥٢/٤٧٩ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (احمد علی عزیز) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی بری پارە (٤,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانینی کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولک (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر)
- جۆری مولک (ملک صرف)
- ڕووبەر (١ دۆنم و ١٤ ئۆلک و ٧٤م٢) لە کۆی (٣٩٧٤) پشک تەنها (٢٩٨١) پشک بەناوی قەرزارە
- ژمارەی مولک (١٥٢/٤٧٩ کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولک (هەولێر ڕاپەرین/ لەشاری هەولێر نزیک میگا مۆڵ/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ٢٠م)
- پێکهاتەکەی/ بریتییە لەگەراجێکی وەستانی ئۆتۆمبێلی لەسەر دروستکراوە بۆ بەرژەوەندی میگا مۆڵ بەکاردێت.
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە: ٧٠٣/ش/٢٠١٩
میژوو: ٢٠١٩/٦/١٧
ڕاگەهاندن
بو/ داوالێکری/ بنیات عاصم محمد سلیم
ل دیف داخازیا کار (میرندا زیکانی) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تیدا داخازا (اثبات زواج) لتە دکەت و بو ئێ دادگەهێ جهێ ئاکنجی بوونا تە نە هاتە دیارکرن ل دیف نڤیسینا بەربژارتی تاخی (دهوک - سێ گرکا) ڤێجا بریار هاتە دان ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە تاکو تو ئامادە بیی ل دادگەهی ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٧ یان بریکارەکی ژێێت خوڤە ئامادەبکەی و بەرۆڤاژی ئێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشملە مایی ب ڕێڤە چیت.
دادەر/ مروان عادل اسماعیل
***
سەروکاتییا باژێرڤانییا شیلادزێ
مولکایەتی
ژمارە: ٤٣٢
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٥
ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولک (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر)
- جۆری مولک (ملک صرف)
- ڕووبەر (١ دۆنم و ١٤ ئۆلک و ٧٤م٢) لە کۆی (٣٩٧٤) پشک تەنها (٢٩٨١) پشک بەناوی قەرزارە
- ژمارەی مولک (١٥٢/٤٧٩ کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولک (هەولێر ڕاپەرین/ لەشاری هەولێر نزیک میگا مۆڵ/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ٢٠م)
- پێکهاتەکەی/ بریتییە لەگەراجێکی وەستانی ئۆتۆمبێلی لەسەر دروستکراوە بۆ بەرژەوەندی میگا مۆڵ بەکاردێت.
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە: ٧٠٣/ش/٢٠١٩
میژوو: ٢٠١٩/٦/١٧
ڕاگەهاندن
بو/ داوالێکری/ بنیات عاصم محمد سلیم
ل دیف داخازیا کار (میرندا زیکانی) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تیدا داخازا (اثبات زواج) لتە دکەت و بو ئێ دادگەهێ جهێ ئاکنجی بوونا تە نە هاتە دیارکرن ل دیف نڤیسینا بەربژارتی تاخی (دهوک - سێ گرکا) ڤێجا بریار هاتە دان ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە تاکو تو ئامادە بیی ل دادگەهی ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٧ یان بریکارەکی ژێێت خوڤە ئامادەبکەی و بەرۆڤاژی ئێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشملە مایی ب ڕێڤە چیت.
دادەر/ مروان عادل اسماعیل
***
سەروکاتییا باژێرڤانییا شیلادزێ
مولکایەتی
ژمارە: ٤٣٢
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٥
ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولک (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر)
- جۆری مولک (ملک صرف)
- ڕووبەر (٣١٩,٦٤م٢)
- ژمارەی مولک (٣٧/٦١٨ کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولک (گەرەکی راستی/ نەخۆشخانەی سەنتەری دل/ و شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی/ تجاری ، ڕێگای سەرەکی هەولێر/ کرکوک هۆتێل هلین دی ڤیلای (٤) ئەستێرەی لەسەر دروستکراوە)
- پێکهاتەکەی/ بالەخانەکە پێک هاتووە لەژێر زەمین لەگەڵ (٤) چوار ژووری (ساونە) لەگەڵ حەمام و ئاودەست سەر نهۆمی زەوی وە نهۆمی یەکەم پێک هاتووە لەهۆلێکی گەورەو (استقبال) لەگەڵ ژوورێک و نهۆمی دووەم پێک هاتووە لەهۆلێکی (خواردنگە) لەگەڵ چێشتخانە لەگەڵ (٢) دوو حەمام و (٢) دوو ئاودەست و

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (عالم الهواتف) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (عالم الهواتف) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرهنك سلیمان توفیق
ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٢٢٤٤٠

Al-Rebass
العدد: RPF-co/19/130
التاريخ: 2019/6/30
الى / السادة أعضاء الهيئة العامة لشركة الريباس للدواجن و الاعلاف المحترمين
م / عقد إجتماع
تحية طيبة ...
إستناداً للفقرة (ثانياً) من المادة (87) (إجتماع الهيئة العامة) من قانون الشركات رقم 21 لسنة 1997 (المعدل) ...
يسرنا دعوتكم لحضور الإجتماع المقرر عقده في الساعة التاسعة صباحاً من يوم الأحد المصادف 2019/7/21 في مقر الشركة في أربيل ، علماً أن جدول أعمال الإجتماع يتضمن الآتي :-
1. مناقشة و إقرار الحسابات الختامية للسنة المالية المنتهية في 2018/12/31
2. مناقشة و إقرار نقل مقر الشركة الى موقع المشروع في قوشتبة
3. أية مواضع مستجدة يقتضي عرضها
آملين حضوركم الإجتماع في الزمان و المكان المحددين ... مع التقدير
موقع
المهندس هيثم محمود أحمد
رئيس مجلس الإدارة
Ali A. Ahmed
Commercial Dep.
Al Rebass Co. For Poultry & Feed
Iraq - Erbil City - Qushtaba Area
+964 7505169693

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (NAVLINK) بۆ گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرهنك سلیمان توفیق
ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٢٢٤٤٠

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (NAVLINK) بۆ گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرهنك سلیمان توفیق
ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٢٢٤٤٠

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (عالم الهواتف) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١١٣٨٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (NAVLINK) بۆ گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (NAVLINK) بۆ گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٩) کە تۆمارە لەژێر (٢٠١٣٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٢٢ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (باسم فؤاد سوبره) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهنك سلیمان توفیق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١١٩٠٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٣٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (عالم الهواتف) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (عالم الهواتف) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٥) کە تۆمارە لەژێر (٢٤٢٠٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (حسام علی فاضل) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سالار رسول حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٣٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (کەڤرین) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / محمد فیضی محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - ماسیك
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥١٥٢٥٤

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (کەڤرین) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هڤال احمد علی
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٤٦٢٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا (سنوردار)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (DESTIN) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٦
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بریکزت پێگەی بەریتانیا لاواز ناکات





جیریمی هنت*

لەوانەیە رۆبەرت برنزی شاعیری سکۆتلەندی کە لە سەدەی 18ڤیاوە، داڕێژەری جوانترین وشەی سەردەمی خۆی بێ . هەروەها پێویستە هەموو وەزیرێکی دەرەوەش بیر لە مالەکەی بکاتەوە : تۆ بڵێی هێزێک داهێنانێکمان پێ نەبەخشێ بۆ ئەوەی وەک چۆن ئەوانی تر سەیرمان دەکەن، ئێمەش بە هەمان شێوە بڕوانینە خۆمان .کاتێک هەوڵ دەدەم بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن ئەوانی تر ئێستا سەیری بەریتانیا دەکەن، پێم وابێ چەند دۆستێکی کۆن هەن بە گومانەوە سەریان رادەوشێنن . لەوانەشە هەندێک کەس هەست بکەن کە سیاسەتوانە بەریتانیەکان لە ژیانی راستەقینەدا وەک چەند ئەکتەرێکی کۆمێدی دێنە بەرچاو . بەڵام داواتان لێدەکەم واز لە راگەیاندنە رەشبینەکانتان بێنن و باش بزانن کە ئێمەی بەریتانیەکان دەستبەرداری دراوسێکانمان نابین و لە جیهانیش ناکشێینەوە و عەقڵیش لەدەست نادەین.

راستە هەندێک جار پەرلەمانەکەمان تورە دەبێ، بەڵام لە سیستمێکی دیموکراسیدا ئەمە ئەرکی خۆیەتی . دواتر باوکی هەموو پەرلەمانەکان شانازی بەخۆی دەکات و سەربەخۆ و خاوەن سەروەریە .

ئەگەر حکومەتی بەریتانیا لە پێناوی هەموو دەنگێک دەربارەی بابەتێکی گرنگی وەک پێگەی وڵاتەکەمان لە ئەورووپا بکەوێتە ململانێ، ئەمە شتێکە و دەبێ رووبدات . ئەگەر هەندێک جار شکستیش بێنین، ئەمە دیسان مانای سیستمی دیموکراتی دەگەیەنێ . وێڕای هەموو ئەو گوشارانەی من بۆخۆم رووبەڕوویان دەبمەوە، بەڵام شانازی بە ملکەچبوونم بۆ پەرلەمانێک دەکەم کە هەرگیز ناکڕدرێ و لە ڕێگەی بەرتیلەوە ناتوانرێ کاری تێبکرێ .

لە هەندێک وڵاتدا، کێشەی لەم جۆرە لەوانەیە ببێتە مایەی بەرپابوونی تووندوتیژیی لە شەقامەکاندا، بەڵام لە بەریتانیا گفتوگۆی نیشتمانیمان دەربارەی بڕیکزت لەنێو دامودەزگا دیموکراتیەکاندا ماوەتەوە . پێشتر لەمەشمان خراپتر بینیوە و لە بەرامبەر ئاڵۆزترین و تووندترین تاقیکردنەوەکانیشدا هێز و نەرمیمان نواندووە . پاش خۆڕاگری و سەرکەوتنیش لەم تاقیکردنەوانە، دامودەزگا بەریتانیەکان بەسەر ئەم تاقیکردنەوەیەشدا زاڵ دەبن .

ئەگەر کەمێک سەیری خوارەوە بکەین، دەبینین کە پێگەی نێودەوڵەتی بەریتانیا وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە .شانشینی یەکگرتوو بریتیە لە کۆمەڵە دوورگەیەک و کۆی ژمارەی دانیشتوانی کەمتر لە 1%ی کۆی دانیشتوانی جیهان، بەڵام ئەوەی داهێنانیش بە گوێرەی ئامارژەی سالانە کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی وەک زانکۆی کۆرنلی ئەمەریکی و ڕێکخراوی جیهانی مۆلکداریی هزریەوە سەرپەرشتی دەکرێ،لە پلەی چوارەمین . هەروەها دەربارەی کار و سەرمایەگوزاری هێشتا لە پلەی یەکەم داین.

دەبێ لە یاد نەکەین کە بەریتانیا خاوەنی چەکی ئەتۆمی و هێزی چەکداری واشە کە توانای هەیە بە جیهاندا بڵاو ببێتەوە، ئەمە وێڕای دوو کەشتی فڕۆکەهەڵگری نوێ .

پارێزگاری لە ئەندامانی ئەورووپا دەکەین، چونکە ئێمە بابەتەکە بە ئاسایی و لۆژیکی دەزانین . بەریتانیا لەو پێکهاتانەی یەکێتی ئەورووپا دەچێتە دەرەوە کە لە ساڵی 1973ەوە تیایاندا بوینەتە ئەندام، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەکە لە قۆناغی هاوکاری ئابووریەوە پێ دەنێتە قۆناغی یەکێتی سیاسی . بەڵام پابەندبوونی بێ مەرجمان بە ئاسایشی کیشوەرەکەمان زۆر زووترە لە ئەندامێتیمان لە یەکێتی ئەورووپا و دوای چوونەدەرەوەشمان لاواز نابێ.

لە ڕاستیدا یەکێک لەو شتە کەمانەی کە سیاسەتمەدارانی بەریتانیا کۆ دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە بەنیازین دوای بڕیکزتیش سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش هاوکاری زیاتر بنوێنین، بەرژەوەندی و بنەماکانمان بە هاوسەنگی دەمێننەوە وەک ئەوەی لەگەڵ ئەمەریکا هەیە . بۆیە کاتێک بڕیکزت دێتە دی، دڵنیا بن لەوەی بەریتانیا پارێزگاری لە هەموو تواناکانی هێزێکی جیهانی دەکات . ئەگەرچی ئەمەریکا هێزێکی گەورەیە، بەڵام تۆڕی هاوپەیمانی و پەیوەندیە جیهانیەکانمان وا دەکات کە بەریتانیا ببێت بە یەکێک لەو وڵاتە کەمانەی کە خاوەنی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی جیهانی بێ، ئێمەش دەخوازین بیخەینە خزمەتی ئەو بەها دیموکراسیانەی وڵاتانمان لەنێوان خۆیان بەشی دەکەن .

لە کاتێکدا کە وڵاتەکەمان بە ئاراستەی چارەنووسی خۆی هەنگاو دەنێ، خۆم وا دەبینم کە نەریتێکی کۆن جێبەجێ دەکەم . چارلز جیمس فۆکس، یەکەم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆتایی بە بازرگانیکردن بە کۆیلە هێنا، یەکێکی دیکەش ,جۆرج کانینگ، لە ڕێگەی یارمەتیدانی وڵاتانیان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، دووبارە ئەمەریکای باشووری بونیاد نایەوە.

لە دەرەوەی نووسینگەکەمدا نیوە پەیکەرێکی ئارنست بیڤن هەیە، ئەو کەسەی 70 ساڵ لەمەوبەر ئەندازیارێکی ناتۆ بووە و وەک هەر سیاسەتمەدارێکی ئەورووپی دیکە چی لە دەستی هاتبێ بۆ ئاسایشی ئەورووپا کردوویەتی . بەڵام ئەو هەوڵی داوە بەریتانیا لە دەرەوەی دەستە و پێکهاتە سنووربەزێنەکان ببێنێتەوە کە بەر لە دامەزرانی یەکێتی ئەورووپا بوونیان هەبوو .بیستن هیچ جۆرە پێچەوانەییەکی لەم دوو هەڵوێستەدا بەدی نەدەکرد، بۆیە ئەو لەمەدا ڕاستی کرد . کورتیەکەی ئەوەیە : بۆ چەندین سەدە بەریتانیا کاریگەریی لەسەر جیهان هەبووە، هەر واش دەمێنێتەوە.

*** وەزیری دەرەوەی بەریتانیا.**

– سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئیندیپێندەنت.
– وەرگێڕان: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1920:
شۆڕشی بیست لە عێراق بەرپا بوو .



ساڵی 1960:
کۆنگۆ کینشاسا سەربەخۆیی لە بەلژیکا ڕاگەیاند .



ساڵی 1991:
لە باشووری ئەفریقیا کۆتایی بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و جیاخوازی هێنرا .



ساڵی 2004:
ئەمەریکا سەددام حوسێنی دیکتاتۆری پێشوو و 11 بەندکراوی تری ڕادەستی دەسەلاتدارانی عێراق کرد.



ساڵی 2010:
کریستیان فولف دوای سێ خولی هەڵبژاردن بوو بە سەرۆکی ئەڵمانیا .



ساڵی 2015:
فڕۆکەیەکی ئەندەنوسی چەند خولەکێک دوای فڕین، لە دوورگەی سومەترەی باکوور کەوتە خوار .

www.xebat.net
دووشەممە 2019/7/1 ژمارە (5779)




تەوەری S-400 و F-35ی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە لووتکەی G20

پرسی فڕۆکەی جەنگی F-35و سیستەمی بەرگری ئاسمانی S-400 ڕۆژەقی سەرەکی کۆبوونەوەکەی سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لە چوارچێوەی لووتکەی G-20 بوو. سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ هەم لە کۆبوونەوەی دووقۆڵی هەمیش لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی دوای کۆبوونەوەکانی لووتکەی G-20 باسیان لە پرسەکانی S-400 و فڕۆکەی جەنگی F-16ی کرد.

ترەمپ لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە لە بەرامبەر تورکیا دادپەروەریی جێبەجێ بکرێت و لە بەرامبەر ئەمەش ئەردۆغان ڕایگەیاندووە کە ترەمپ ڕوونکردنەوەی پێویستی لە بارەی پرسی سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا داوە و بە هیچ شێوەیەک شتێکی بەم جۆرە ڕووندادات. سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لە دوای لووتکەی سەرکردەکانی G-20، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست و لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەوەی کە ئایا لە ئەگەری کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی S-400 لە ڕووسیا لە لایەن تورکیا، ئایا ئەمەریکا بەم هۆیەوە سزا بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت یان نا؟ ڕایگەیاند کە تورکیا کەیسێکی سەیرە. ترەمپ ڕاشیگەیاند "ئەردۆغان کەسێکی سەختە، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵی باشە"، هاوکات ترەمپ جەختیشی لەوە کردەوە کە تورکیا لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، باراک ئۆباما چەندین جار داوای سیستەمی پاتریۆتی کردووە، بەڵام ڕێگە نەدراوە. ترەمپ باسی لەوەش کرد کە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەردۆغان نەکراوە و لەوەو پێش ئیدارەی ئەمریکا نەیویستووە سیستەمی پاتریۆت بە تورکیا بفرۆشێت، بەڵام لە دوای ئەوەی ڕازی بووە بە فرۆشتنی ئەو سیستەمە، تورکیا سیستەمێکی دیکەی بەرگری کڕیوە. ترمپ لەمبارەیەوە گوتیشی: "ئەمە ڕێکەوتنێکی ئاڵۆزە. کاری لەسەر دەکەین. سەیری ئەوە دەکەین کە ئاخۆ دەبێ چی بکەین". سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ جەختیشی لەوە کردەوە کە تورکیا ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسیا بەمەبەستی کڕینی سیستەمی بەرگری S-400 کردووە و لەمبارەیەوەش تورکیا پارەی زۆری داوە. ڕاشیگەیاند کە لە دوای ڕێککەوتنەکە چەند لایەنێک لە ئەمریکا نەیانویستووە تورکیا ئەم سیستەمە بەکاربهێنێ لەبەر ئەوەی لە سیستەمی ناتۆدا نەبووە. لەلایەکی دیکەش، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە تورکیا 100 فڕۆکەی F-35ی کڕیوە و ئێستاش ئەردۆغان دەیەوێ ئەو فڕۆکانە ڕادەست بکرێنەوە کەپارەیەکی زۆریان پێداوە، بەڵام چەند لایەنێک لە ئەمەریکا بەرگریان لەوە کردووە کە ئەگەر تورکیا سیستەمی ئێس-400 بەکاربهێنێ ئەوا ڕووسییەکان دەتوانن زانیاری لەبارەی فڕۆکەی F-35 بەدەستبخەن. ترەمپ ڕایگەیاند کە لەمبارەیەوە ناڕەوایی لەگەڵ تورکیا دەکرێ. ترەمپ گوتیشی: "ئەگەر ڕاستگۆ بین ئەمە بە تەواوی هەڵەی ئەردۆغان نییە. ئێستا ئێوە هەواڵێکی بەپەلە دەنووسن و دەڵێن 'دۆنالد ترەمپ پاتریۆتی خۆشدەوێت'، لەوانەیە بڵێن 'دۆنالد ترەمپ لایەنگری تورکیایە'. نەخێر. من وڵاتەکەمانم خۆشدەوێت". "ناچارین لە بەرامبەر تورکیا دادپەروەر بین" ترەمپ لە پێش کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئەردۆغان لە لووتکەی G-20، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانێک کە پرسی ئەگەر بێت و تورکیا سیستمی بەرگری S-400 بکڕێت، ئایا ئەمەریکا سزای بەسەردا دەسەپێنێت یان نا، ترەمپ ڕایگەیاندبوو: "سەرکۆمار ئەردۆغان لە سەردەمی ئۆباما داوای کڕینی پاتریۆتی کرد بەڵام ڕێگەی نەدرا. لە سەردەمی ئۆباما دادوەرانە مامەڵە لەگەڵ تورکیا نەکرا". سەبارەت بە S-400یش ڕایگەیاند: "بابەتێکی ئاڵۆزە. بەدوای چارەسەری جیاوازدا دەگەڕێین. ناچارن دادپەروەرین (لەبەرامبەر تورکیادا)". لەلایەکی دیکەش سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان پێش کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادمیر پوتین لە پەراوێزی لووتکەی جی-20 لەبارەی ڕەوانەکردنی سیستەمی ئاسمانی بەرگری مووشەکی S-400 لە ڕووسیاوە بۆ تورکیا ڕایگەیاند: "چاوەکان لە سەر پرۆسەی ڕەوانەکردنی ئەمەن، خۆی هیچ جۆرە هەڵپەسارد نێک لە لێکتێگەیشتنی نێوانمان ڕووی نەداوە". دواتریش لە پەراوێزی لووتکەی سەرکردەکانی G-20لە ناوەندی پێشانگای ئۆساکا INTEX سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین کۆبوونەوە. لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا ئەردۆغان ئاماژەی بەوە دا کە بەڕەوپێشچوونی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا ڕوویداوە و گوتی: "بە تایبەت لە ڕەوانەکردنی ئێس400کان ئەمەمان لە دوشەنبەش تاوتوێ کرد، ئەو نەخشە ڕێگایەی لەسەری ڕێککەوتین بەردەوامە. وەک دیارە گواستنەوەی تەکنەلۆژی لە سەروویانەوە بەرهەمهێنانی هاوبەشی مووشەک لە پێشینەی کارەکانمانە. چاوەکان لە سەر پرۆسەی ڕەوانەکردنی ئەمەن، خۆی هیچ جۆرە هەڵپەسارد نێک لە لێکتێگەیشتنی نێوانمان ڕووی نەداوە". دواتریش لە پەراوێزی لووتکەی سەرکردەکانی G-20لە ناوەندی پێشانگای ئۆساکا INTEX سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین کۆبوونەوە. لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا ئەردۆغان ئاماژەی بەوە دا کە بەڕەوپێشچوونی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا ڕوویداوە و گوتی: "بە تایبەت لە ڕەوانەکردنی ئێس400کان ئەمەمان لە دوشەنبەش تاوتوێ کرد، ئەو نەخشە ڕێگایەی لەسەری ڕێککەوتین بەردەوامە. وەک دیارە گواستنەوەی تەکنەلۆژی لە سەروویانەوە بەرهەمهێنانی هاوبەشی مووشەک لە پێشینەی کارەکانمانە.



ئاڵای وڵاتان



چیلی

وتراوە ڕەنگەکانی ئاڵای ئەم وڵاتە لە ئاڵای ئەمەریکا وەرگیراوە.
ئاڵاکە لەلایەن کەسێکی ئەمەریکیەوە دروست کراوە کە لە سوپای چیلی کاری کردووە. ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ بەفری زنجیرە چیاکانی ئەندیز لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، ڕەنگی شینیش ئاماژەیە بۆ ئاسمان و ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ خۆبەختکردن لە پێناوی وڵات.
هەر گۆشەیەکی ئەستێرەکەش کە پێنج گۆشەن، پێتێکی ناوی چیلیە.

مانشێت



سکای نیوز:
لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا لەسەر سنووری نێوان هەردووک کۆریا و لەو ناوچەیەی چەکی لێ دامالڕاوە، چاوی بە کیم یۆنگ ئونی سەرۆکی کۆریای باکوور کەوت.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە دوورگەی جۆلۆی باشووری فلپین، هێرش کرایە سەر یەکەیەکی دژەتیرۆری ئەم وڵاتە و لە ئەنجامدا سێ سەرباز و دوو کەسی سڤیل کوژران.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی فەرەنسا بڕیاری دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەت بە بنبڕکردنی تیرۆر و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دا.



ئەی ئێف پی:
لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا دەرکەوتووە کە ئەفسەرێکی ڕووسی سەربەرشتی کرداری ژەهراویکردنی سکریبالی سیخوڕی پێشووی ڕووسی کردووە.




فرانس24:
خەلیفە حەفتەری سەرۆکی سوپای لیبیا فەرمانی بە سوپا داوە سەرجەم ئەو هێزە تورکیانە بکرێنە ئامانج کە ڕەوانەی تەرابلوسی پایتەخت کراون.



کەنالی ئار تی:
بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو، حکوومەتی ڤەنزویلا خولێکی دیکەی دانوستانی لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەست پێکرد.

لە حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراودا هەسارەیەک بە دەوری نزیکترین ئەستێرە لە خۆردا دەدۆزرێتەوە



نزیکەی 30 ساڵێکە فەلەکناسان لە هەوڵی زۆر جیدی دان بۆ گەڕان بەدوای هەسارەی دیکە، نەوەک لە نێو سنووری سیستەمی خۆمان، بەڵکو زۆر دوورتر. لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو و لەمیانەی پڕۆژەی (مانگی دەستکردی تیشکی ژێرەوەی سوور –IRAS) دا، توانرا بۆ یەکەمجار هەست بە بوونی هەسارەیەک بکرێت کە بە دەوری یەکێ لە ئەستێرە ناوداڕەکانی ئاسمان بە ناوی (ڤێگا –VEGA) دا بخولێتەوە، ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵییەکی یەگجار زۆری فەلەکناسان و بووە سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمهێنەرانی فیلمی خەیاڵی زانستی و کارتۆنییەکان.

بەڵام کاروانی دۆزینەوەی هەسارە دوورەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆر نەوەستا، بەڵکۆ زۆر خێراتر چووە پێش، بە تایبەتی دوای هەڵدانی چەند تەلەسکۆپێکی ئاسمانی ناوداری وەک (هابڵ) و (سپیتزەر) و (کیپلەر) و دامەزراندنی چەندین ڕوانگەی فەلەکناسی مەزن لەسەر ڕووی زەوی کە بە هەموویانەوە توانیان نەوەک دەیان، بەڵکو سەدان سیستەمی هەسارەیی دەرەکی بدۆزنەوەو تا ئێستا ژمارەی هەسارە دۆزراوەکان بە جیاوازی قەبارە و سروشتی خۆیان و ئەستێرەکانی کە بەدەوریانەوە دەخولێنەوە، لە سنووری 1700هەسارە زیاترە و ئەم ڕێژەیەش لە زیادبوونێکی بەردەوامە، کەچی چیرۆکی دۆزینەوەی دواینی هەسارە زۆر جیاواز و بەتام و چێژتر بوو لەوانی دیکە!.

هەواڵە خۆشەکە لە دەوری نزیکترین ئەستێرە بوو لە خۆرەوە!

بێ گومان لەنێو گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) دا نزیکەی 250 ملیار ئەستێرە هەن و خۆرێش یەکێکە لەو ئەستێرانەو لە دەوروبەری خۆشییەوە چەندین (نزیکترین ئەستێرەی دراوسێ) ی هەیەو دوورییەکانیان لە نێوان چەند ساڵێک تا 150ساڵی ڕوناکی دەبن، بەڵام لە هەموویان نزیکتر، سیستەمێکە بە ناوی (ئەلفا سنتاوری –Alpha Centauri) ناسراوە و لە 3 ئەستێرە پێکهاتووە و ناونراون (Alpha Centauri - A) و (B-Alpha Centauri) و (Proxima Centauri).

Alpha Centauri - A گەشترین ئەستێرەی ئەو سیستەمەیەو بە مەودای (4.37) ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورە و (Alpha Centauri - B) یش ئەستێرەیەکە لە ڕووی قەبارەو پلەی گەرمی و ڕەنگیدا لە خۆری خۆمان دەچی و ئەویش بە مەودای (4.37) ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورە، پاشان ئەستێرەی بچووکی (Proxima Centauri) یش تاریکترین و لەهەمان کاتدا نزیکترین ئەستێرەیە لەخۆر و دوورییەکەشی دەگاتە (4.27) ساڵی ڕوناکی، واتە نزیکەی (45هەزار ملیار کیلۆمەتر!).

ئەو هەسارەیەی کە ئێستا دۆزراوەتەوە دەکەوێتە نێو ئەم سیستەمە 3ئەستێرەییەو بە (نزیکترین سیستەمی هەسارەیی دەرەکی) ناسراوەو خودی هەسارەکەش بە دەوری ئەستێرەی (Alpha Centauri -B tauri- B) دا دەخولێتەوەو ناونراوە هەسارەی (Alpha Centauri -B) و پێشتر لە تشرینی یەکەمی 2012و لەڕێگای تیمێک لە فەلەکناسانی تەلەسکۆپی (High Accuracy Ra-dial velocity Planet Searcher) یان (HARPS) بە سەرۆکایەتی (Stephane Udry) لە (ئەمریکای باشوور) دا دۆزراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی هەسارەی Alpha Cen-tauri Bb

وەکو سەرجەم هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆری خۆمان، ئەم هەسارەیەش پابەندە بە خولانەوە بەدوری ئەستێرەکەی و لەماوەو کاتێکی ڕێک و پێک و دیاریکراودا.

هەسارەی Alpha Centauri Bb پێدەچێت زۆر لە خۆرەکەی خۆی (واتە Al-pha Centauri B) یەوە نزیک بێت و بۆیە بەڕای فەلەکناسان پێناچێت کەش و هەواو بارودۆخی ڕووکەی هیچ پاڵپشتییەک بکات بۆ بوون و پەرەسەندنی ژیان (ئەگەر هەبێت).


ئەم هەسارەیە بەماوەی 3.2ڕۆژدا خولێک بەدەوری ئەستێرەکەدا تەواو دەکات و تەنها (6) ملیۆن کیلۆمەتر لێیەوە دوورە، بۆیە پێشبینی دەکرێت پلەی گەرمی ڕووەکەی بگاتە سنووری 1227پلەی سەدی، بۆ بەڕاوردیش زەوی خۆمان بە مەودای 150ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەو دوورە، بارستاییەکەی 13%زیاترە لە زەوی و بەمەش ئەم هەسارەیە بووە (نزیکترین هەسارەی دەرەکەی) لە ڕووی لێکچوونی بارستاییەکەی بە زەوی کە بەدەوری ئەستێرەیەکی زۆر لەیەکچووش لەگەڵ خۆری ئێمەدا دەخولێتەوە.

ئەگەرچی فەلەکناسان گەشبین نین لەبوونی هەرجۆرە ژیانێک لەبەر بەرزیی یەگجار زۆری پلەی گەرمی ڕووی ئەم جمکەی دوورەی زەوی (واتە هەسارەی Alpha Centauri Bb) بەڵام هێشتا یەگجار زۆر دڵخۆشن بەوەی کە بۆ یەکەمجارە هەسارەیەکی یەگجار زۆر لە یەکچووی زەوی لە ڕووی قەبارەو لە دەوری یەکێ لە ئەستێرە هەرەنزیک و لەیەکچووەکانی خۆردا دەدۆزنەوە کە خودی ئەو ئەستێرەیەش (واتە سیستەمی سینتاوڕۆس) بەهۆی زۆر باسکردنییەوە لەنێو کۆڕو سیمینارو وانەکانی قوتابخانەو کۆلێژەکان وەک نزیکترین ئەستێرە لە خۆردا، لەلایەن زۆربەی خەڵکییەوە ناسراوە، ئیستا ناوداریەکی دیکەی بەخۆیەوەو بینی و بووە خاوەنی نازناوێکی نوێ... (نزیکترین سیستەمی ئەستێرەیی و هەسارەیی لە زەوی) دوای ئەوەی بۆماوەی دەیان ساڵی پێشوودا فەلەکناسان لە دووری دەیان و سەدان و بەڵکو هەزاران ساڵی ڕووناکیدا ئەم (جیهانە وونبووانەیان) دەدۆزییەوە.

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: ئاڵای چەتۆ حەسەن

سەرچاوە: Space.com

تاوێرەکانی بنکەی زەریای ئەتلەسی ببینە



کە بۆ یەکەمجار سەیری ئەم دیمەنە دەکەین، ئەندێشەمان بۆ تاوەرێکی نێو چیرۆکە ئەفسانییەکان دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بنکەی زەریای ئەتلانتیک – یان ئەتلەسییە – و بریتییە لە یەکێ لە بارستە بەردینییە – لمییەکانی ناسراو بە بەردی (لایەستۆن) ە و پسپۆڕانی دۆزینەوەی زەریایی ناویان ناوە (شارە ونبووەکە –LOST CITY).

بە نزیک کەوتنەوەی کەشتییەکی ژێرئاویی زۆر پێشکەوتوو لەم تاوەرە بچووکەدا، دەرچەیەکی زۆری بینی لە پێکهاتەی کیمیایی (هایدرۆتیمالی ئەلکەلاین).

لە ڕاستیدا ئەم ناوچەیە بریتییە لە یەکێ لە ژینگە هەرە شیاو و لەبارەکانی بوون و پەرەسەندنی ژیانی ئۆرگانی، چ لە ئێستا یان لە مێژووی هەرە کۆنی پێشووتری هەسارەکەماندا.

پسۆڕانی فەلەکناسی و ژیانزانیش، هیوایان وایە کەوا لەمیانەی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ژینگەو و جۆرە ژیانی ئۆرگانی سەیر لەسەر هەسارەکەماندا ڕێگە خۆشتر بکات بۆ گەڕان بەدوای ژیانی ئۆرگانی، با لەژێر بارودۆخی زۆر سەخت و دژواری نێو هەسارە وپاشکۆکانی نێو سیستەمی خۆر یان لەدەرەوەیدا بێت، وەک ئەو بارودۆخەی کە لە (یۆرۆپا) ی پاشکۆی (موشتەری) و (ئینسیلادۆس) ی پاشکۆی (زوحەل) دا فەراهەم بووە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕتر هەیە بۆ گەیشتن بە وەڵامی کۆتایی بوون یان نەبوونی ژیان لە نێویاندا.

نهێنییەکی هەسارۆکەی Itokawa سەری زانایانی سوڕماندووە



ڕووی هەر هەموو هەسارۆکەکان پڕن لە چاڵی گەورەو بچووکی بەرکەوتنی نەیزەکی، بەڵام تا ئێستا فەلەکناسان سەریان سوڕماوە لەو دیمەنەی کە لەلایەن کەشتی ئاسمانی (Hayabusa)ی ژاپۆنییەوە وەرگیراوە بۆ یەکێ لە تەنە ئاسمانییە هەرە نامۆیەکانی ناسراوە بە هەسارۆکەی (ئیتوکاوا – Itokawa).

فەلەکناسان تا ئێستا ڕوویکی هەسارەو پاشکۆ هەسارۆکەو کلکداڕێکیان نەبینیوە کە لەم هەسارۆکەیە بچێت، چونکە ئەوانەی باسمان کردن – تەنانەت بەزۆییەوەش – پڕن لە چاڵی نەیزەکی، بۆیە تاقە شیکردنەوەیەک بۆ نەبوونی هیچ جۆرە چاڵێکی نەیزەکی لەسەر ڕووی هەسارۆکەی (ئیتوکاوا) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتەوە پێکهاتووە لە بارستاییەکی سەهۆڵیی – خۆڵیی تێکەڵ بە جۆرێک کە دوای ڕوودانی بەرکەوتنێکی نەیزەکیدا خێرا شۆینەکەی دەتوێتەوەو دوای شلبوونەوەشی بێ گومان ئاسەواری بەرکەوتنەکە نامێنێ و پاشان دوای دابەزینی پلەی گەرمیی، شۆینی بەرکەوتنەکە دەچێتەوە دۆخی ڕەقی و بەمەش ئاسەواری بەرکەوتنەکە تا هەتایە ون دەبێ.


جێگای ئاماژە پێدانە کەوا کەشتی ئاسمانیی ڕۆبۆتیی ژاپۆنی (هایابوسا) لەساڵی 2005و بەسەرکەوتوویی لەسەر خودی ئەو هەسارۆکەیەدا نیشتەوەو دوای وەرگرتنی نموونە لە خاکەکەی، گەڕایەوە سەر زەوی و زانایانیش دەستیانکرد بە شیکردنەوەی ئەم گەنجینە کەمێنەیەو سەلماندی کەوا، بەڵێ، پێکهاتەی سەرەکی ئەم هەسارۆکەیە بریتییە لە تێکەڵەیەکی سەهۆڵ و خۆڵیی دەگمەن.



پەردە لەسەر ئەستێرەکانی چەقی گەلەستێرەماندا لادرا

بەهۆی بوونی بڕێکی یەگجار زۆر مەزنی تۆزو خۆڵ و بارستەی بارستەی گازیی چڕوپڕ، مەحاڵە گەورەترین تلسکۆپی بینایی بتوانێ ناوچەرگەی گەلەستێرەمان و ئەستێرەکانی نێوی ببینێت، بەڵام چاوە گەورەو بەهێزەکەی ژێرەوەی سووری (تەلەسکۆپی ئاسمانیی سپیتزەر) بەهۆی وەرگرتنی تیشکی ژێرەوەی سوورەوە دەتوانێ ئەم بەربەستانە ببڕێ و چاوێک بخشێنێ بەو مەملەکەتە جەنجاڵ و پڕ لە نهێنییەدا. ڕەنگەکانی ئەم دیمەنەی لە پێش چاوی ئێوەیە هەڵگەڕاوەیە لە پێناو جیاکردنەوەی زۆر کاراتری بارستە گاز و تۆز و خۆڵ و ئەستێرەکان لە یەکتریدا، بۆیە، ئەستێرە هەرە بە تەمەن و گەورەکان کە لە ئەسڵدا ڕەنگیان سوورە بە ڕەنگی شین دەرکەوتوونە ، بەڵام ئەو ناوچانەی ڕەنگیان سوورە بریتێن لەو ناوچانەی کە پڕن لە ئەستێرەی تازە لە دایکبوو و ڕەنگی ئەو ئەستێرانەش لە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیاندا شیێن. ماوەی نێوان ئێمەو ئەو ناوچەیە دەگاتە سنووری 26000 ساڵی ڕوناکی و پێوانەی تەنها ئەو ڕووبەڕەی لەبەرچاومانیشە دەگاتە سنووری 900 ساڵی ڕوناکی و لەسەر نەخشەی ئاسمان و کەلوەکان ڕێک کەوتۆتە ناوەڕاستی کۆستێرەی (کەوان – SAGITTARIUS)

چی دەزانی دەربارەی وێستگەی بۆشایی نێودەوڵەتیی؟



وێستگەی بۆشایی نێودەوڵەتی، تا ئێستا بە ئاڵۆزترین و پر خەرجیترین پڕۆژەی دادەنرێت کە مرۆڤ دروستی کردبێت بۆ تویژینەوە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی بواری بۆشاییگەری، بەجۆرێک خەرجییەکانی گەیشتۆتە نزیکی (200) ملیار دۆلارو لەئێستاکەدا لەدەرەوەی بۆشایی زەویدا دەخولێتەوە.

-لە (20/11/1998) یەکەمین گەشت بۆ دروستکردنی ئەنجام دراوە، واتە 21 ساڵ تەمەنیەتی .

-بە خێرایی (27 هەزار و 600) کیلۆمەتر بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، واتە (7.6) جار لە فیشەکی (کلاشینکۆف) خێراتر دەڕوات.

-بە 92 خولەک و 69چرکە، خولێک بە دەوری زەویدا تەواو دەکات، ئەمەش بە واتای لەگەڵ شەو و ڕۆژێکی سەر زەوی، (15) جار خۆری لێ هەڵدێت.

– لەگەڵ تەواوبوون دەگاتە (450) هەزار کیلۆگرام.

– درێژیەکەی (108.5)مەترو (70.8) مەتر پانە و (20) مەتر بەرزە، قەبارەکەی تا ئێستا (916) مەتر سێجایە.

–ڕووبەرەکەی نزیکی یاریگایەکی تۆپی پێ دەبێت.

– نزیکەی 410 کیلۆمەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

– دەتوانرێت بە هەندێ بەرنامەی فەلەکی خولگەکەی لە ئاسماندا بەشەو بەدیار بکەوێت و زۆرجار هەیە لە کوردستانیش دیار کەوتووە.

ئا: هەرێم کاکل

راگەیەندکارە بەناوبانگەکەی ئەمریکا پشتیوانی لە هەڵبژاردەی ئافرەتانی وڵاتەکەی دەکات



ئۆپرا وینفری خانمە راگەیاندکاری بەناوبانگی ئەمریکی ڤیدیۆیەکی خۆی بڵاوکردۆتەوە و شووتی لەتۆپ داوە، وەک ئاماژە و پەیامیک بۆ پشتیوانی خۆی بۆ هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەمریکا کە ئێستا بەشدارن لە مۆندیالی ئافرەتانی 2019 لە فەڕەنسا.

ئەم ڤیدیۆیەی ئۆپرا لەکاتێکدا هات کە هەڵبژاردەی ئەمریکا توانی فەرەنسای خانەخوێ لە ناو یاریگای خۆی لەو پاڵەوانێتییە بکاتە دەرەوە، کاتیک بە 2-1 گۆڵ لێی بردەوە، بەمەش ئەمریکا سەرکەوت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەو مۆندیالەدا.

فیدرێر: مێسی یاریزانێکی دەگمەنە



رۆجەر فیدرێری تێنسزانی سویسری ئاشکرای کرد کە ئەو زۆر سەرسامە بە لیۆ مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە، رۆژنامەی فاینانشال تایمز لێدوانێکی فیدرێری بەمشێوەیە بڵاوکردۆتەوە: وەک پێویست باسم لە لیۆنیل نەکردووە، ئەوەی زیاتر سەرسامم دەکات ئەو توانایەیەتی لە وەرگرتنی تۆپ و خۆسوراندنی بەتۆپەوە بە ئاڕاستەی گۆڵ، هەروەها زیاتر گوتی: کاتێک مێسی ڕووبەڕووی گۆڵ دەبێتەوە، ئەو توانایەکی تەواوی هەیە کە چەندین بۆچوونی لەبەردەمدا لە مراوەغە کردن، لیدان بۆ گۆڵ، ئاسیست، واتە هەمیشە کاتێک تۆپ لەبەردەمیدایە ئەو چەندین پێشنیاری لەبەردەمدا کە دەتوانیت بەسەرکەوتوویی ئەنجامی بدات، کە ئەمەش لە یاریزانە دەگمەنەکانە کە هەموجار خاوەنی ئەم توانایە بێت.

نـایـمـار

بە هاوڕێ نزیکەکانی گوتووە دەگەڕێمەوە بەرشلۆنە



نایمار داسیلڤای ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی بە هاوڕێ نزیکەکان گوتووە کە نیازێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بەرشلۆنە.

بەگوێرەی سایتی لو 10ی فەرەنسی، نایمار هاوڕێ نزیکەکانی خۆی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە لەم هاوینەدا دەگەڕێتەوە بەرشلۆنە، و چیتر لەگەڵ پاریس سان جێرمان بەردەوام نابێت، ئەوەشی بە هاوڕێکانی گوتووە کە ئەو بەهەموو مەرجەکانی یانەی بەرشلۆنە رازی بووە.

پاڵەوانی لاوانی ئەورووپا و جیهان لە دیمانەیەکی خەباتدا

سالۆمی مێلیا: خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە یەکێکم لە 30 باشترین شەترەنجزانەکانی جیهان



دیمانە: هاوار مورتکەیی

سالۆمی مێلیا Salome Meliaهەر بەتەنها لە ئاستی جۆرجیا خانمە شەترەنجیکی ناسراو نییە، بەڵکو ناوبانگی ئەو گرانماستەرە بەهۆی ئەنجامەکانییەوە چ تاکە کەسی یاخوود لەگەڵ هەڵبژاردەی جۆرجیا لە ئاستی ئەورووپا و جیهان بەیەکێک لە باشترین 30شەترەنجزانەکەی جیهان دەژمێردرێت، ئێستا خاوەن ریتینگی 2475ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەم خانمە شەترەنجزانەی جۆرجیا ئەنجامداوە و لەو دیمانەیەدا تیش دەخاتە سەر ئەو دەسکەوتانەی کە لەبواری شەترەنج لە ئاستی جۆرجیا و ئەورووپا و جیهان بەدەستی هێناون.

یەکەمی جیهان

سالۆمی مێلیا کە 14ئەپریلی 1987لە شاری باتۆمی لە جۆرجیا لەدایک بووە و دەرچووی کۆلێژی مافە لەبارەی سەرەتای ئاشنابوونی بەیاریی شەترەنج گوتی: لەسەرەتادا باوکم فێری یاری کردم و ناوی بەردەکانی شەترەنجی فێرکردم، کاتیکیش پاڵەوانێتی لاوانم بەدەستهێنا، کارەکانم زیاتر بە جدیەوە وەرگرت، ئەوەبوو یەکەمین بەشداریم لە ئاستی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1998بوو، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگ بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئافرەتانی جۆرجیا لە پاڵەوانیتی جیهان لە ساڵی 2015پلەی یەکەمان بەدەستهێنا، لە ئاستی دەسکەوتی تاکە کەسیشم لە پاڵەوانیتی ئافرەتانی ئەورووپا میدالیای زیوم بەدەستهێنا، هەروەها لە پاڵەوانیتی لاوانی جیهانیش بۆ خوار 14ساڵ پلەی یەکەم و هەروەها دووجاریش لە سەر ئاستی ئەورووپاش لە خوار 18ساڵ پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، هەروەها لە ساڵی 2010نازناوی پاڵەوانی ئافرەتانی جۆرجیام بەدەستهێنا کە ئەوکات سەردەمی بەهێزترین یاریزانەکان بوون لەوانەش نانا دزاگنیدز، لەگەڵ ژمارەیەک شەترەنجزانی دیکەی بەهێز.

خەونی گەورەی

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانەی جۆرجیا گوتی: لە ساڵی 2014 ریتینگی نێوودەولەتیم گەیشتە 2475؟کە یەکێک بووم لە باشترین 30 شەترەنجزانەکەی جیهان، بەڵام دواتر چوومە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، ئیتر وەک جاران ئەو دەرفەتانەم بۆ نەڕەخسا لە بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان و بەتایبەتیش دوای ئەوەی بوومە دایکی 3منداڵ، ئێستا تەنها بەشداری لە پاڵەوانێتییە فەرمییەکان دەکەم، ئەگەرچی نازناوەکانی WGMو IMم بەدەستهێناوە. لەگەڵ 3نۆرمی گراند ماستەر، بەڵام هێشتا ئەو خەونە گەورەیەم نەهاتۆتەدی ئەویش ریتینگی نێودەولەتیم بەرزبکەمەوە بۆ ?2500بڕواشم بەخۆم هەیە بگەمە ئەم ئامانجەم.

شەترەنج وانە ڕاهێنانی مێشک

لە کۆتاییدا سالۆمی پاڵەوانەکەی شەترەنجی جیهان گوتی: جیی خۆیەتی لێرەوە سوپاس خانەوادەکەم لە دایک و باوکم بکەم، هەموو ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان یارمەتیان داوم، بەتایبەتیش هاوسەرەکەم ، هەروەها کۆمەڵگەی شەترەنج بەگشتی کە لەکاتی دژواردا پشتیوانیان کردووم، سەبارەت بە یاری شەترەنجیشەوە، تەنها وەرزشێک نییە و بەس. بەڵکو شەترەنج یارییەکی گرنگ و جیی بایەخە، کە زۆربەی ڕووەکانی سوودبەخشن بە وانەی ئەو یارییە دەکەن، لەهەموویان گرنگتر ڕاهێنانە بە مێشک، بیرکردنەوە لە چۆنێتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، یارمەتیدەرە بۆ پێشخستنی تواناکنی مرۆڤ.

بۆفۆن

هەنگاوێکی ماوە بگەڕێتەوە یۆڤینتۆس

دوای بەسەربردنی تەنها یەک وەرز لە ریزی یانەی پاریس سان جێرمان، جیانلویجی بۆفۆن گۆڵچی ئیتاڵی تەنها هەنگاوێکی ماوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە یانەی یۆڤینتۆس.

بەگوێرەی هەواڵێکی سایتی فوتبۆڵی ئیتاڵی، بۆفۆنی تەمەن 41ساڵ بەنبازە گرێبەستێکی یەک ساڵی لەگەڵ بیانکونێری مۆر بکاتبە مووچەی 1.5ملیۆن یورۆ، ئەویش بەگەڕانەوەی بۆ یۆڤی وەک جێگرەوەیەکی چیزینی گۆڵچی پۆڵەندی، مەرجی بوفۆن ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە لە 8یاری بەشداری پێ بکرێت بۆ ئەوەی ریکۆردی مالدینی بشکێنێت لە بەشداریکردنی زۆرترین یاریی لە خولی ئیتاڵی، کە ئێستا مالدینی بە 674یاری لە پلەی پێشەوە دێت.



لەگەڵ هەڵبژاردەی ئافرەتانی جۆرجیا پاڵەوانێتی جیهانمان بەدەستهێنا

KHABAT
Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
Organ of KDP
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Salam Abdulla**
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 1. Jul. 2019 No: (5779)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616

نەشتەرگەری چاندنی بەشێک لە جەرگی فاتیح بۆ هەنگاو سەرکەوتوو بوو

فاتیح مەولەوی زادە، بە بەخشینی بەشێک لە جەرگی خۆی، منداڵێک لە مەرگ دەرباز دەکات





بەرهەم شێخ عزەدین


کاری مرۆیی و خۆبەخشانە هەرچەندە لەسەری بدوێی و دەربارەی بنووسی، هەر هەست دەکەی کە تێنوێەتیت ناشکێنێ و ئامانجی خۆی نەپێکاوە، چ جای ئەوەی کە ئەو کارە مرۆییە پەیوەندی بەبەخشینی بەشێک لەجەستەی خۆتەوە هەبێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤێکی دیکە. (فاتیح مەولەوی زادە) ئەو کاتەی بڕیارێکی چارەنووسسازی لەو شێوەیەی دا، لەتەک منداڵە تاقانەکەی بەدیار تەماشاکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بوو، کاتێک بینی کە منداڵێک ژیانی لە مەترسیدایە و دایک و باوکی فرمێسکی بۆ دەبارێنن، فاتیح مەولەوی زادە وەک فریادڕەسێک، بەبێ دوو دڵی دەست بۆ مۆبایلەکەی دەبات و تەماشایەکی تاقانە چاو گەشەکەی دەکات و ئامادە باشی دەردەبڕێ بۆ ئەوەی بەشێک لە جەرگی خۆی بەو منداڵە ببەخشێ و لە مەرگ دەربازی بکات. ئیدی داوای گەردەن ئازایی لە دایک و خێزانی دەکات و پێیان دەڵێت: من ئەو کارە مرۆڤایەتییە هەر ئەنجام دەدەم ئەگەر لەسەر حیسابی ژیانی خۆشم بێت. دەربارەی وردەکاری ئەنجامدانی نەشتەگەریەکشی لە وڵاتی هیندستان ناسیحی برای فاتیح مەولەوی زادە، رایگەیاندووە، کە فاتیحی برای بەشێک لە جەرگی خۆی بەخشیوەتە منداڵێکی تەمەن دوو ساڵانی خەڵکی شارۆچکەی دارەتووی سەر بە هەولێر کە ناوی (هەنگاو عارف)ـە.

نەشتەرگەریەکەشیان سەرکەوتوو بووە. شایەنی باسە فاتیح مەولەوی زادە پێشتر کادیرێکی ئەکتیڤی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، هەر بەو هۆیەشەوە دواتر بۆتە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواترگوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە و ئێستا ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانە.



بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما.. هاوڵاتیان بەدوای شوێنی فێنکدا دەگەڕێن

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەنووسێت

کتێبی(حمار السمح) ی نووسەری جوو(سفی خلافسکی) م خوێندەوە، کابرا زۆر بەوردی باسی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو قۆناغە سەختانەی کە پیایدا تێپەڕیوە دەکات، تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە بووەتە دەوڵەتێکی ئەوتۆ حیسابی گەورەی بۆ دەکرێت.

جووەکان، یەکێکن لەو نەتەوە دیارانەی کە بە درێژایی مێژوو زوڵمیان لێکراوە، چەندان جار قەتڵ و عام کراون، کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هیتلەر هەزارانیان بخاتە ناو تەندووری غازەوە بەڵام دوای ئەو هەموو نەهامەتیە کۆڵیان نەداو و توانیان دەوڵەتێکی هاوچەرخ بنیات بنێن.

نووسەری کتێبەکە، جەخت لەسەر بوونی ململانێی سیاسی و فیکری لەنێو کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا دەکات، ئەمە بە دیاردەیەکی زۆر دروست دەزانێت و لەو بڕوایەدایە ئەو ململانێیانە چەند تووندبن ئەوەندەی دیکە دیموکراسیەت لەو وڵاتەدا ڕەگی دادەکوتێت و جوانتر خۆی دەنوێنێت.

بابەتێکی زۆر گرنگ، لەو کتێبەدا باسی لێوەکراوە، ئەمیش دروشمی(ئیسرائیل بەر لە هەموو شتێک) ، ڕاست و چەپ، بڕوادار و مولحید، عەلمانی و سەلەفی، لەو وڵاتەدا چەند لەگەڵ یەکتر ناکۆک بن، کاتێک وڵات دەکەوێتە مەترسیەوە، هەموو دەچنە یەک سەنگەر.

کە لە خوێندنەوەی کتێبەکە بوومەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم(خۆزگە ئێمەش بمانتوانیبا ، وەک ئەوان لە پێناوی وڵات، ناکۆکیەکانمان بەلاوە بنابا) ، تۆ بڵێی وا بکەین؟



چاوجوانەکەی کاروان شارەوانی کێیە؟

توانا زرار: هونەرمەند و گۆرانیبێژی میللی کاروان شارەوانی تازەترین بەرهەمی هونەری خۆی بڵاوکردەوە.ئەو بەرهەمەی کاروان شارەوانی بڵاویکردۆتەوە گۆرانییەکی شادە بە ناوی چاوجوان.گۆرانی چاوجوان، لە تێکست و ئاوازی هونەرمەند کاروان شارەوانی خۆیەتی، لەلایەن دافید نیازییەوە کاری میوزیکی بۆ ئەنجامدراوە.هەروەها کاری ڤیدیۆ کلیپەکەشی لەلایەن دیار مەهدییەوە بۆکراوە، کاری وێنەگرتن و دەرهێنانی بۆ کراوە، هۆنیا ڕەحیم وەک مۆدێل لە کلیپەکەدا بەشداراە.کاروان شارەوانی بەیەکێک لە گۆرانیبێژە میللییە دیارەکان دادەنرێت، لەم بوارەدا ناوێکی دیارە، تا ئێستا جگە لە کۆنسێرت و ئاهەنگ چەند ڤیدیۆ کلیپێکی تۆمارکراویشی هەیە و لەکاری هونەری بەردەوامە.ئەم بەرهەمەش بەتازەترین کاری هونەری شارەوانی دادەنرێت.

مزرە سێو گرنگە بۆ خۆپاراستن لە جەڵتەی دڵ و مێشک و نەخۆشی تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکان

ئا: وریشە عومەر

مزرە سێو بە ڕەمزی لەشساغی و گەنجیەتی ناسراوە کۆمەڵێک سوودی گرنگ و بەکەڵکی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ ،وێنەی زۆربەی سەوزە و میوە بەهاری و هاوینیەکان کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن کەلە لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر کامەران (رسوڵ ژاژەیی) پسپۆڕی زانستی خۆراک و نەشتەرگەری گشتی ئەندامی کۆلیژی ئەمریکی بۆ زانستی خۆراک خراوەتە ڕوو لێرەدا پوختەیەکی دەخەینە بەردیدی خوێنەران:

یارمەتی دابەزینی کێشی لەش ئەدات لە کاتی ڕێجیم لەگەڵ ڕێگری کردن لە قەڵەوی ،خۆپاراستن لە جەڵتەی دڵ و مێشک و نەخۆشی تەسک بوونەوەی خوێنبەرەکان ،خۆپاراستن لە بەردی زراو و کەم کردنەوەی کاریگەری لاوەکی دەرمانە ئازار شکێنەکان ،خۆپاراستن لە نەخۆشی نەرم بوونەوەی ئێسک و هەوکردنی جومگە چەندین جۆری شێرپەنجە ،پاراستنی دڵ و نەهێشتنی کلۆری و هەوکردن و ئاوسان و خوێنبەر بوونی پووک ،یارمەتی کۆنترۆڵ کردنی ئاستی شەکرە لە خوێن دا ، میوەیەکی زۆر باشە بۆ کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە ، بەهێزکردنی مووەکانی قژ و پاراستن لە سپی بوون و هەڵوەرینی قژ ، یارمەتی دابەزینی کۆلیسترۆڵی خراپ لە خوێن و پاککردنەوەی جگەر لە ماددە ژەهراویەکان ، پاراستنی تەندروستی پێست و گەش بوونەوەی و نەهێشتنی چرچ و لۆچ و خاڵ و زیپکە و سیسی دەم و چاو ، چارەسەری قەبزی و ڕێگە گرتن لێی و چالاککردن و پاککردنەوەی ڕێخۆڵە لە ماددە ژەهراویەکان و کەمکردنەوەی غازات ،چارەسەری ڕەبۆ و خۆپاراستن لە کەمخوێنی و چارەسەرکردنی ، بەهێز کردنی کۆئەندامی بەرگری لەش و یارمەتی زوو چاک بوونەوەی برین ،ڕێگری کردن لە نەخۆشی ئەلزەهایمەر و بەهێزکردنی یادەوەری و نەهێشتنی تەمەڵی و بێهێزی.



ئەتەکێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێک، کە توانای بیستنی نییە

ئا/رسول سالح خۆشناو:

ئەگەر کەسێک تەنها یەک گوێی نەیدەبیست، هەوڵبدە لەلای ئەو گوێیەوە دابنیشە، کە بەباشی دەبیستێت و لە بەرامبەری دامەنیشە. ئەگەر هەردوو گوێی نەیدەبیست، زۆر بەهێواشی قسە بکە تا لەجوڵەی لێوەکانت تێبگات. دەنگت بەرز مەکەرەوە بۆ کەسێک، کە نابیستێت، چونکە سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشیت، بەبێ ئەوەی ئەو تێبگات. ئارام بگرەو بێزار مەبە لەوەی چەند جارێک هەمان وشە دووبارە بکەیتەوە. هانیان بدە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا. هاوکاریان بکە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەگفتوگۆکاندا و وەک هەر کەسێکی ئاسایی تێبگەن و بێزاریش نەبن.

